# ڕۆڵی یوونس ڕەئووف( دڵدار) لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر ١٩٣٧
# (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)

م. زانا طیفور عبدالصمد
زانکۆی کۆیە-فاکەڵتی پەروەردە-بەشی مێژوو

**پێشەکی**

کۆیە یەکێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستان، ئەم شارە خاوەن کلتوورێکی شارستانی مرۆڤایەتییە، لە هەموو سەردەمەکاندا مەیدانی گەلێک ڕووداوی سیاسی ومێژوویی بووە، لە سیەکانی سەدەی رابردودا وەک شارێکی دیاری باشووری کوردستان دانیشتوانەکەی هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون، ئەویش لە ژێر کاریگەریی هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی(١٨١٦-١٨٩٧)، هەر زوو خۆیان لە شێوەی دەستەو کۆمەڵەو پارتی نەتەوەیی و نیشتیمانی ڕێکخست. لەوکاتەدا یوونس رەئووف (دڵدار)ی(١٩١٨-١٩٤٨)شاعیریش، یەکێک بوو لەو کەسایەتییە روناکبیرانەی کۆیە، هەوڵیدا لە بواری خەباتی نەتەوەییدا پێشەنگ بێت، لە ساڵی ١٩٣٦ بۆ خوێندن روو لەشاری کەرکووک دەکات، دوای ماوەیەک مانەوەو یەکترناسی لەگەڵ هاورێکانی هەوڵدەدات بیرۆکەیەک دابنێت، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵەیەکی سیاسی دروست دەکات بەناوی ( دارکەر- الحطاب)، خۆشی وەک یەکەم سەرۆکی ئەم کۆمەڵەکەیە دەست نیشانکرا، لە سالانی( ١٩٣٧-١٩٣٨) بە هاوکاری هاورێ گەنجەکانی و کۆمەڵێک کەسایەتی ڕووناکبیرو خاوەن ئەزموونی سیاسی پەرە بە کۆمەڵەکە دەدەن و لقیان لەشارەکانی دیکەی کوردستان کردەوەو کاریگەریی زۆریان لەسەر هەست و سۆزی لاوانی گەلی کورد هەبوو. ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٨، یەکەمین کۆنگرەی بەستاو پاش زۆربوونی ژمارەی ئەندامەکانی و ناوەکەی بۆ حیزبی (هیوا- الامل) ١٩٣٩ گۆڕدرا، دواتر رەفیق حیلمی کرا بە سەرۆکی پارتەکەو دڵداریش وەک سکرتێری دیاریکرا.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەو سێ تەوەری سەرەکي پێکدێت: لە دەروازەدا باسی بارودۆخی کوردستان دەکەین لە ماوەی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و رۆڵی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر دەخەینەڕوو.

تەوەری یەکەم: باس لە مێژووی ژیانی سیاسی دڵدار دەکەین، هەر لە دایک بوونییەوە، تا مردنی، هەروەها بوارەکانی ژیانی سیاسی و رۆشنبیری و شۆڕشگێری دەخەینەڕوو.

تەوەری دووەم: رۆڵی دڵدار لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەرو وەک یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەکە دەخەینە ڕوو، هەروەها باس لە بەرنامەو شێوازی ڕێکخستن و ئامانجی کۆمەڵەکە دەکەین.

تەوەر سێیەم: رۆڵی یوونس رەئووف (دڵدار) لە فراوانبوونی کۆمەڵەی دارکەرو گۆڕینی بۆ پارتێکی سیاسی بەناوی حیزبی (هیوا- الأمل)،دیاریکردنی رەفیق حلیمی وەک سەرۆک، دڵداریش وەک

سکرتێر، هەروەها زۆربوونی ژمارەی ئەندامەکان و کردنەوەی لقی دیکەی پارتی هیوا لەشارەکانی تری کوردستان و دواتریش کۆتایی هاتنی پارتەکە دەخەینەڕوو.

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵمان داوە ڕێبازێکی مێژوویی زانستیانە بخەیەنە ڕوو، کە خۆی لە خستنە ڕووی شیکردنەوەو هەڵهێنجانی ڕاستییەکان دەبینێتەوە، لە ڕێگەی تێڕامان و وردبوونەوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا.

ئامانج لە هەڵبژاردنی توێژینەوەکە ئەوەبوو، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕووناکبیران و شاعیرانی کۆیە، ئەوکات هەڵگری بیری نەتەوایەتی بوون، خولیایی دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی سیاسی و نەتەوەییان هەبوو، کە بتوانن لەو چوارچێوەیەدا درێژە بە خەباتی نەتەوایەتی بدەن.

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی دەخەینەڕوو، کەسوودمان لێ بینیوە وەک:ئەرشیفی (حیکمەت حەمید) و چاوپێکەوتنم لەگەڵ بنەماڵەکەی، هەروەها یاداشتەکەی دڵدار لە نووسینی (عبدالخالق علاءالدین) یاداشتەکەی نوری شاوەیس و چاوپێکەوتن لەگەڵ دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی و ئەحمەد دڵزاری شاعیر.

**دەروازە:**

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨)، دەرکەوتنی پاشماوەکانی جەنگ بەسەر وولاتان، بارودۆخی سیاسی کوردستان جۆرێک بەرەو پێش چوونی بەخۆیەوە دیت، بەتایبەت بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دوای جەنگ دەچێتە قۆناغێکی تازەوە، هەروەها ئەو کوردانەی لە قوتابخانەو کۆلیژەکانی وڵاتانی ئەوروپاو ئەستەنبوڵ دەیان خوێند، پاش گەڕانەوەیان بۆ کوردستان، ڕۆڵیان بینی لە دەرکردنی چەندین ڕۆژنامەی کوردی وەک (پێشکەوتن و بانگی کوردستان و بانگی حەق و ڕۆژی کوردستان) هەروەها پاش گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان و دروستبوونی حکومەتی دووەمی شێخ مەحمود ساڵی ١٩٢٢، وایکرد گیانی نیشتمان پەروەری لای ڕوناکبیرو شاعیرو نوسەران و پیاوانی ئاینی بەرزبێتەوەو ئاستی هۆشیاری نەتەوایەتی قوڵتر بێتەوە (لازاریف، ٢٠١٣: ١٢-١٣؛ فاتیح،٢٠١٤: ٧٢-٧٥)، بۆیە بیری نەتەوایەتی ودامەزراندنی چەندین کۆمەڵەو پارتی سیاسی نهێنی ناو ئەو دەوڵەتانە بەدەرکەوت، کە کوردیان بەسەر دابەشکرابوو، دواتر چەندین لقیان لە چەندین شاری باشووری کوردستان کردەوە، یەکێک لەو کۆمەڵانە کۆمەڵەی (خۆیبون)[٢٥] بوو، کە لقێکی لە ساڵی ١٩٣٠ لەشاری کۆیە کرایەوە، لەلایەن (ئاسفی مەلا ڕەئووف)، برا گەورەی دڵدار سەرپەرشتی دەکرا، ئەم لقە توانیبووی کاریگەری لەسەر هەست وبیری نەتەوەیی لەناو لاوانی کورد پەرە پێبدات. ( تەیب، ٢٠٠٨: ١١٥-١١٦).

لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا خەباتی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازنەی کورد لەباشووری کوردستان پەرەی سەند بە ئاراستەی جۆراوجۆر، بەتایبەتی لە دوای شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو

---

[٢٥]خۆیبوون:کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردیە، لە ساڵی ١٩٢٧ لە بەیروت دامەزرا، یەکەم کۆبونەوەی لە هاوینەهەواری (بحمدون) بەسترا، جەلادەت بەدرخان(١٨٩٢-١٩٥١) یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەکەبوو، ئامانجیان ئازادی بوو بۆ کورد بەتایبەتی لەوکاتەدا دەوڵەتی تورک زۆر ئازاری کوردەکانی دەدا، دواتر ئەم کۆمەڵەیە لقی لەشارەکانی کوردستانی باشوور کردەوە(کۆچیرا، ٢٠٠٣: ١١٩-١٢٠؛ لازاریف،٢٠١٣: ١٨٤).

ڕاپەڕینی بەردەرکی سەراو شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزان و شۆڕشی سمکۆی شکاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕاپەڕینی ئاگری داخ لە باکورو هەموو ئەمانە نموونەی خەباتی چەکداری و سیمای هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەیی بوون بۆ رزگاربوون لەژێر چنگی داگیرکەرە هەرێمییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش خەباتی رۆشنبیری گوزارشت کردن بوو لە گۆرانکاری لە بونیادی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کەسێتی تاکی کوردی، لەوکاتەدا چینێکی خوێندەوارو هەڵگری بیری نەتەوایەتی پێشکەوتن خواز لە شارەکان دەرکەوتن و تێکەڵ بە چالاکی ساسی بوون و رۆڵیان بینی لە دامەزراندنی چەندین رێکخراوو پارتە نهێنیەکانی ناو شارەکان کە لایەنێکی درەوشاوەی ئاراستەی ناسیۆنالیستی کوردی بوون (سعید،٢٠٠٦: ٤٠-٤٢). لە لایەکی دیکەوە بەر لەسەر هەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی(١٩٣٩-١٩٤٥) ململانێیەکی بەهێز لە نێوان وڵاتە زلهێزەکان لەناوچەکەدا هەبوو، ئەمەش کاریگەری لەسەر بارودۆخی سیاسی و ئابووری کوردستان هەبوو، بۆ مەبەستەش هەموو ئەو کۆمەڵەو پارتە سیاسیانەی کە لە کوردستان وعێراق هەبوون، ببوونە مەڵبەندێک بۆ کاری سیاسی و جەماوەر لەسەر شانۆی سیاسیی کوردستان، جگە لەوەی کە هیچ رێکخراوێک بە ئاشکرا نەیدەتوانی کاری خۆی بکات (قەزاز، ١٩٧١: ١١٦-١١٨). بەڵام ئەگەر بێتوو لە ڕووی ڕاستی ڕووداوەکان وردبینەوە، دەبینین شێوازو پێکهاتەی رێکخستنی رێکخراوو پارتە نهێنییەکان لە رووی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری دەرهاویشتەی کۆمەڵگای کوردی بوون، دابەش ببوون بەسەرچەند رەوتێک، لەوانە رەوتی "کۆمەنیستی ونەتەوەیی و رەوتی سەرمایەداری". لەوکاتەدا چینی رۆشنبیران و کرێکاران و جوتیاران و زانایان ئامانجیان خەبات وتێکۆشان بوو لە پێناو سەربەخۆیی و رزگاریی نەتەوەیی و چینایەتی.

شاری کۆیە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبوو لە بزووتنەوە سیاسیی و نەتەوەیی و کلتووری لە باشووری کوردستاندا، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی ١٩٢١، کاتێک کە ڕێکەوتننامەی نێوان عێراق و بەریتانیا لە ساڵی ١٩٣٠ مۆرکرا، هیچ ئاماژەیەکی بۆ مافە رەواکانی گەلی کورد تیانەبوو، بەم هۆیەوە ژمارەیەک لە لاوانی کورد لە شاری کۆیەوە ڕوویان لە شاری سلێمانی کرد، بۆ بەشداری کردن لە ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا (صالح، ٢٠٠٨: ١٧-١٨) لەلایەکی دیکەوە گەنجانی کۆیە بەردەوام بوون لە خەبات کردن دژ بە بە بارودۆخی سەخت و ئاڵۆزی ئەوکاتە، دەستیان کرد بە درێژە پێدانی خەباتی سیاسی، هەر بۆ ئەم مەبەستەش، جگە لە کۆمەڵەی خۆیبوون، خەڵکی کۆیە بیریان لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی دیکە کردەوە بەناوی( کۆمەڵەی منەوەران- رۆشنبیران) کە لە ساڵی ١٩٣١ دامەزرا، ژمارەیەک کەسایەتی و نیشتیمان پەروەری ئەو شارە بەشداریان کرد لەوانە: (محەمەد تۆفیق وردی، سامی عەوداڵ، ئەحمەد حەمەمەلا، ئەحمەد ئاغای باخچەوان، مام وەیسی باخچەوان، عومەر مام عەبدوڵلا،حەمەد بەگی موختار، هەروەها دڵداری شاعیریش بچووکترین ئەندامی ئەو کۆمەڵە بووە. (تەیب، ٢٠٠٨: ١١٨ ؛ صالح،٢٠٠٨: ١٨-١٩).

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر کۆمەڵێک پارت و کۆمەڵەی نهێنی لەشارەکانی کوردستان و بەغدا دروستبوون کە بەکورتی هەندێکیان دەخەینە ڕوو:-

کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان یەکەم کۆمەڵەی نهێنی کوردی بوو لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی دامەزرا کۆمەڵەی بەرزی کوردستان: لە ساڵی ١٩٢١ لە سلێمانی لەلایەن ( جەمال

عیرفان)وە دامەزرا ، کۆمەڵەی کوردستان: ئەم کۆمەڵەیە پاش هاتنەوەی شێخ مەحمود لە هیندستان لە ساڵی ١٩٢٢ لە سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی بەرگری کردن لە نیشتیمان: لە ساڵی ١٩٢٥ لەلایەن خانەقای شێخ خالیدی نەقشبەندی لە سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی پێشکەوتن: لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٦ لە شاری سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی زانستی کوردستان: ئەم کۆمەڵەیە لە بەهاری ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی هۆشیاری: ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک کەسایەتی ڕۆشنبیری ڕەواندز لە هاوینی ساڵی ١٩٢٦ دامەزرا، کۆمەڵەی پشتیوانی: کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کوردی بەغدا لە ماڵی ئەحمەد خواجە لەمانگی تەمووزی ١٩٢٧ دامەزرا، کۆمەڵەی هەڵسان و بڵندی کوردستان: دوای سەرنەکەوتنی جوڵانەوەی شێخ مەحمودی حەفید لەساڵی ١٩٢٧ دامەزرا، کۆمەڵەی زانستی ژنان: ئەم کۆمەڵەیە لە ماڵی حەپسەخانی نەقیب لە سلێمانی دامەزرا. یانەی هەولێر: لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٢٨ لە شاری هەولێر دامەزرا، یانەی سەرکەوتنی کوردان: لەسەرەتای سیەکاندا لە شاری بەغدا دامەزرا، یانەی سمکۆی شکاک، لە مانگی ئاداری ١٩٣٥ حکومەتی عێراقی مۆڵەتی بەو یانە ڕۆشنبیرییەدا، کۆمەڵەی فیدایی نیشتیمان: بریتیبوو لە کۆمەڵەیەکی نهێنی لە ساڵی ١٩٣٥ لە سلێمانی دامەزرا، کۆمەڵەی بروسک: ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکاری دواناوەندی بە نهێنی لە ساڵی ١٩٣٥ لە موسڵ دامەزرا، کۆمەڵەی ئازادی کورد: بە سەرۆکایەتی مەحمود ئازادی دامەزرا، کۆمەڵەی برایەتی: ئەم کۆمەڵەیە لە ١١ ئاداری ١٩٣٧ لەسەر دەستی کۆمەڵێک کەسایەتی شاری سلێمانی لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفید دامەزرا (شریف،١٩٨٩: ٨٩-٩٢ ؛ المزوري،٢٠٠٨: ٢٣-٣١؛ الجادري،٢٠١٧:٣٣-٤١ ؛ توفیق،٢٠٠٧: ٢١٣-٢١٤).

هەموو ئەو کۆمەڵەو پارت و ڕێکخراوانە، ئامانجێکی نەتەوەییان هەبووەو دژ بە سیاسەتی خۆسەپێنی دەوڵەتی عێراق و پارچە پارچە بوونی کوردستان دروست بوونەو کەسایەتی دیارو ڕۆشنبیرەکانیی یشارەکان بەشداریان کردووە.

### تەوەری یەکەم: ژیانی سیاسیی یوونس ڕەئووف (دڵدار):-

دڵدار نازناوێکی پێشکەوتنخوازی کوردیە، ناوی تەواوی یوونس مەلا ڕەئووف مەلا مەحمود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادم السجادەیە[٢٦]، لە ڕۆژی ٢٠ ی شوباتی ساڵی ١٩١٨ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لەدایک بووە، دایکی ناوی ( زوهوە)کچی خورشید ئەفەندییە (حیلمی، ٢٠١٠: ١٢١ ؛ شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، دڵدار لە یاداشتەکەی خۆی دەنووسێت: بنەماڵەی دایکم عالەم زادەن و لە زەهاوەوە هاتونەتە قەراغ زێی کۆیە، حاجی قادری کۆیش یەکێکە لەو بنەماڵەیە، ئێستاش ئەم تیرەیە لە ناوچەکانی ( کانی لەلەو سێگردکان و سێ کانی و ئۆمەرگومبەت) نیشتەجێن، کە بە دەربەندی دەناسرێن و زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، نزیکە لە باجەلانی، جگە لەوە گەلێ خزم و ئامۆزای دایکم لە کانی لەلە هەیەو جار جار دەهاتنە ماڵمان، دایکم زۆر بە چاوێکی سۆزەوە

[٢٦] خادم السجادە:مەبەست لەو بەرماڵەیە کە پێغەمبەر(د.خ) دایی بە خەلیفە عوسمان، دواتر نەوە بە نەوە ئەم بەرماڵە پارێزراوە، دڵداریش خۆی بە یەکێک لە نەوەی ئەو بنەماڵەیە دەزانی، هەروەها باس لە چۆنیەتی ئەم بەرماڵە دەکات، پێی وایە نازناوی خادم السجادەی بنەماڵەکەیان لەوە سەرچاوەی گرتووە (دەباغ، ٢٠٠٠:٦٦-٦٧).

سەیریان دەکاو خۆی پێیان هەڵدەداتەوە. (علاء الدین،١٩٨٥: ١٣) هەروەها حیکمەت حەمید[٢٧] ئاماژە بەوە دەکات: باوکی دڵدار حەوت کوڕو دوو کچی هەبوو بەناوەکانی (عەونی،جەواد،مەجید، سەعدی، ئاســـەف،یونس،حەمید، فاتیمە، زەینەب)، دیارە ئەرکی پەروەردە کردنی دڵدار کەوتۆتە ئەســـتۆی براکانی و (زەینەب)ی[٢٨] خوشـــکی، ســـەرەڕای ئەوەی هەندێ لە براکانی لە تەمەنێکی بچووکدا مردوون، وەک عەونی و جەوادو ئاســەف، دواتر دڵدار لە ســەرەتای منداڵیدا، بەهۆی نەخۆشــییەوە تووشی زمانگیران بووە، بۆیە زۆربەی کات لە کاتی قسەکردندا دەوەستا (مەمەند، ٢٠١٣: ١٧).

دڵدار قوتابخانەی ســەرەتایی لە کۆیەو ڕانیەو ناوەندی لەهەولێر تەواو کردووە، هەروەها لە یاداشــتەکەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات: کە لە تەمەنی نۆ ســاڵیدا بوو لەشــاری کۆیە چویتە بەر خوێندن، دواتر لە ســاڵی ١٩٣٤ بۆ تاقیکردنەوەی بە کەلۆری پۆلی شــەشــەم ڕوو دەکاتە هەولێرو خوێندنی ناوەندی لە هەولێرو ئامادەیی لە شاری کەرکوک تەواو دەکات، چونکە لەسیەکانی سەدەی ڕابردودا قوتابخانەی ئامادەیی تەنها لە شــارەکانی (کەرکوک و موسڵ و بەغدا) هەبوو، شــارەکانی کوردستان تەنها قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لێ بو، و(علاء الدین،١٩٨٥: ٢٧؛ عبدالرحمن،١٩٨٦: ٥-٦). پاشــان بەهۆی نزیکی شــاری کەرکووک لە شــاری کۆیە، بۆیە ڕوو دەکاتە ئەم شــارە، دواتر دەستیکرد بە خوێندن و چاوی بە ژمارەیەک قوتابی شارەکانی هەولێرو سلێمانی وکۆیە دەکەوێت و لە پاڵ خوێندنەکەیدا کەوتە کاری چالاکی ســـیاســـی و ڕێکخســـتنی نهێنی لەگەڵ هاوڕێکانی و کۆمەڵەی دارکەریان لە ســاڵی ١٩٣٧ دامەزراند، پاشــان لە ســاڵی ١٩٤٠ دەچێتە بەغدا لە کۆلیجی یاســا وەردەگیرێت، لە ساڵی ١٩٤٥خوێندن تەواو دەکات و دەبێتە پارێزەرو دەگەڕێتەوە بۆ کۆیە تا ڕۆژی مردنی(خەزنەدار، ١٩٨٤: ٦٠ ؛ شــارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، هەروەها هێشــتا دڵدار لە ژیاندا بووە، ڕۆشنبیرێکی وەک ڕەفیق حیلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) بە نووسین باسی لێوە کردووە (حیلمی،١٩٤٣: ٣-٩

---

[٢٧] حیکمەت حەمید: کوڕی حەمید کوڕی مەلا ڕەئووف ئەفەندی خادم ســـوجادەیە، ئەم کەســایەتییە یەکێکە لە برازاکانی دڵدار لە ســاڵی ١٩٤١ لەشــاری بەغدا لە دایکبووە، باوکی هەم براو هەم ئاوەڵزاوای ئاسەف بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیەو ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، لە ســاڵی ١٩٦٥ کۆلێژی ئاداب بەشــی کوردی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. دواجار لە ١٨ /١٢/ ٢٠١٧ بە جەڵدەی دەماغ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. (حەمید، ٢٠١٧)

[٢٨] زەینەب: کچی مەلا ڕەئووف ئەفەندی کوڕی مەحموود ئەفەندی کوڕی مەلا ســـەعدی خادم ســـوجادەیە، لە ڕۆژی ٢١ /٣ /١٩٠٠، لە گەڕەکی بە فری قەندی لە شـــاری کۆیە لە دایکبووە، خوشـــکی گەورەی دڵدار بووە، لە ســـاڵی ١٩٠٦ دەچێتە بەر خویندن لە قوتابخانەی روشـدییەی کچان لە بەغدا، تا پولی شـەشـەمی سـەرەتایی تهواو دەکات و دە گەڕێتەوە، زمانەکانی (عەرەبی و فارســـی و عیبری و تورکی زانیووە) لە دوای ئەوەی مالیان دەچێتە هە ولێرو هاوســەرگیری لەگەڵ ســەعید ئاغا دەکات، ژنێکی زور تیگەیشــتوو کەســایەتیەکی بەهیزی هەبووە). دواجار لە ١٩٦٣/١/١٨ بەهۆیی نەخۆشــی شــێرپەنجە لە هەولێر کۆچی دوایی کرد (خادم سوجادە،٢٠١٨: ٣٥-٣٦).

؛ خەزنەدار،١٩٧٧: ٥)، پاشـــان دڵدار یەکێک بوو لەو شـــاعیرو رووناکبیرانەی ســـەردەمی خۆی کە توانیبووی پەرە بە زمـانەکـانی دیکەی بیـانی بـدا، وەک زمـانەکـانی (فـارســـی،عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی،لاتینی، فەرەنسی، عیبری... هتد) (علاء الدین،١٩٨٥: ٨٢)، ئەو راستیەمان زیاتر بۆ دەرکەوت، کاتێک ســـەردانی ماڵی برازاکەی دڵدارمان کرد، چونکە زۆربەی ئەو کتێب و ئەرشـــیفانەی لە دوای خۆی جێی هێشتوون، بە زمانە بیانییەکان بوون، کە تا ئێستاش لە ماڵی برازاکەیدا پارێزراون.

لە راستیدا شاعیر ژیانێکی سەختی بە ڕێکردووە، لە شارێک بۆ شارێک عەوداڵی خوێندن بووە، ســەرەڕای ئەوەی کە بنەماڵەکەیان بەردەوام ماڵیان دەگواســتەوە لە کۆیەوە بۆ رانیەوهەولێر، چونکە مەلا رەئووفی باوکی فەرمانبەر ی میری بووە، لەوکاتەدا بەردەوام لەلایەن دەســـەڵاتەوە لە شـــارێک بۆ شـــارێکی تر دەگوازرایەوە، ئەم هاتووچۆیانەی بنەماڵەکەیان کاریگەریی لەســـەر ژیانی دڵداری شـــــاعیر هەبووە، لەرووی تێکەڵاو بوون و دروســـــتکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ قوتابیانی شـــارەکانی دیکەی کوردســـــتان، دواتر ئەمانە بیری دڵداریان فراوان کرد، زیاتر بوونە هاندەر کە لە بزووتنەوەی شـــۆرشـــگێری و گیانی دیموکراتیدا پێشـــەنگ بێت (ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٤٢ ؛ خەزنەدار، ٢٠١٠: ٥٦٦ ؛ حیلمی،٢٠١٠ : ١٢٢)، لەلایەکی دیکەوە شـــــاعیر زۆر خەریکی خوێندنەوە بوو، لەو رۆشـــنبیرانە بوو کە توانیان لە رێگەی خوێندنەوەی زۆرەوە خۆیان پێبگەیەنن، هەر وەک لە یاداشـــتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات: لە ســـاڵی ١٩٣٣ قوتابی ســـەرەتایی بووم دەســـتم کرد بە خوێندنەوەی دیوانی حاجی قادرو زۆربەی هۆنراوەکانیم لەبەرکرد، پاشـــان گوێم بۆ هۆنراوەکانی شـاعیرانی کۆیە وەک (عەونی،راجی، عاسـی،هیرانی، حوسـێنی)ی گرت و هەموویانم لەبەرکرد، بەم جۆرە هەر هۆنراوەیەک بکەوتایە بەرچاوم دەمنوســـیەوەو لەبەرم دەکرد، بۆ ئەم مەبەســـتەش زۆربەی هۆنراوەکانی ( نالی، وەفایی، کوردی، بێ کەس، زێوەر، پیرەمێرد)م لەبەر کرد، جگە لەوەی کاتێک لە قوتابخانە دەهاتینەوە بە گڕوتینەوە هۆنراوەی ( ئەی وەتە مەفتوونی تۆم)ی بێکەســــمان دەخوێندەوە، لەم ســـاڵەدا بەرە بەرە هەســـتم بەخۆم دەکرد کە لەزەت لە هۆنراوە وەرئەگرم و زۆر لام خۆشە) (علاء الدین،١٩٨٥: ٤١- ٤٣؛ ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٤١ ).

لەلایەکی ترەوە دڵدار لە رووی ســیاســییەوە زۆر کاریگەر بووە بە ڕووداوە مێژووییە جیهانیەکان وەک"مێژووی شـــۆرشـــی فەرەنســـی١٧٨٩ و شـــۆڕشـــی ئۆکتۆبەری ١٩١٧، مێژووی ئیســـــتقبالی جەلال نوری بە تورکی و مێژووی دەوڵەتی یۆنان وتورکیاو پۆلۆنیای خوێندووەتەوە"، هەروەها بارودۆخی پۆلۆنیایی‌وەک بارودۆخی کوردســــتان لێکداتەوە، دواتر دەســـــتیکردووە بە خوێندنەوەی مێژووی کورد لە کتێبی (مێژووی کوردو کوردســـتان)ی ئەمین زەکی بەگ، (مێژووی بابان وسۆرانی)ی حوسین حوزنی موکریانی، (القضیة الكردیة) بلەچ شیرکۆی خوێندۆتەوە، لەمەوە ئاســـۆی بیرکردنەوەی فراوان بوو (بیمار،٢٠١٧ :١٧١)، هەر وەک خۆی دەڵێت:" کاتێک ئەمانەم خوێندەوە دروشمی رابردووی کوردیان هێنایە بەرچاوم وایان لێکردم بەرە بەرە مێشکم بکەمەوەو دواتر هۆنراوەکانی حاجی قادریش پاڵیان پێوە دەنام بۆ نیشـــــتیمان پەروەری" (علاء الدین،١٩٨٥: ٥٠- ٥٥ ؛ قادر:١٩٧٨، ١٠٠؛ مەمەند، ٢٠١٣: ٢٠؛). لێرەدا دەردەکەوێت کە هۆنراوەکانی حاجی قادر بوونەتە هەوێنی شۆڕشگێری و گیانی نیشتیمانپەروەری لای دڵدار، لەبەر ئەوە زۆر کاریگەر بووە بە بیری حاجی قادرەوە، هەر بۆیە حەماســـــەتی بۆ هۆنراوەکانی هەبووەو وایکردووە کە بیری حاجی بگوازێتەوە بۆ هۆنراوەکانی خۆشی .

بەم جۆرە دڵدار بەشـــێکی زۆر لە ژیانی لە پێناوی نیشـــتیمان وخەڵک و بەرگری و بەرانبەر ستەم و چەوساندنەوە بووە، بە تایبەتی لە بواری خەباتی نەتەوایەتییدا، هەمیشە هەستی بە ئازارو مەینەتی نەتەوەکەی کردووە، ئەویش بە خوێندنەوە لە مێژوو رابردووی نەتەوەی کورد. (مەمەند،٢٠١٣ : ٣٧؛ قادر١٩٧٨: ١٠٣) لەلایەکی ترەوە هەروەک خۆی دەڵێت": یەکەم کەس کە فێری کوردبوونی کردم ئاســەفی برام بوو، چونکە ئاســەف زۆر کاریگەر بوو بە هەســتی نیشــتیمان پەروەریەوە، هەتا رۆژێک ئاسف بانگی کردم بە پێکەنینەوە ووتی قسەک بکەم بە قسەم دەکەی؟ وتم بەڵێ" ووتی هەموو رۆژێ لە قوتابخانە لەگەڵ هاورێکانت یەکتر بگرن و بە خۆتان بڵێن "بەچەشێر" ئەوەی ووتی کوردنیم لیی بدەن، منیش وتم باشە، دواتر رۆژێک هاورییەکی ئاسەف بەناوی (ئەحمەد خواجە ئەفندی)هات بۆ ماڵمان وتی: یوونس تۆ کوردیت؟ وتم بەڵێ" ووتی کوا شاهیدت وتم "ئاسەف شاهیدمە" ووتی ئاسەف بە شاهید ناشێت، ئیتر نەمزانی چۆن وەڵامی بدەمەوە، لە پاشان ووتی من شتێکت پێدەدەم بەوە دەزانن کە تۆ کوردیت، دەستی خستە گیرفانیەوە وێنەیەکی شێخ مەحمودی دامێ، ووتی ئەوە مەلیکی کوردستانە، منیش وێنەکەم وەرگرت و زۆر دڵم پێخۆشبوو کە وێنەی مەلیکی کوردستانم لابێ، بەڵام نەمدەزانی کوردستان کوێیە؟ پرسیاریشم لەکەس نەکرد، شریتێکم هێناو رسمی مەلیکی کوردستانم بە سەمغ لێداو سەرەکەی تریشم لە دارێک خست، لە کوڵان سورامەوە لەناو منداڵان گوتم:" ئەمە شێری شێرانە مەلیکی کوردستانە") (علاء الدين،١٩٨٥ : ٣٣-٣٥). ئەمانە ئەوە دەردەخەن کەوا شاعیر گیانی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەری تێدا بەرجەستە بووە، بۆیە لەمنداڵییەوە دەکەوێتە کارو چالاکی سیاسی لە زۆربەی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی ئەوکاتە دەبێتە ئەندام، وەک لایەنگرێکی دلسۆزی (حیزبی رزگاری نیشتیمانی) کە باڵێکی نیمچە ئاشکرای حیزبی کۆمۆنیستی عێراقی بوو، بەشداری چالاکی و رێکخستەکانی کرد، پاشان بە یارمەتی هاوبیرەکانی توانی خزمەتێکی گەورە بە دۆزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی وکێشەی نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەری بکات (مەمەند، ٢٠١٣: ١٩ ؛ شارەزا،٢٠١٣: ٩٦). لێرەدا دەردەکەوێت کە رووناکبیرێکی شۆرشگێرو رۆشنبیرێکی چەپخوازبووە. لەلایەکی ترەوە مارف خەزنەدار پێی وایە:" دڵدار وەکو زۆربەی لاوەکانی ئەو رۆژگارە لە بیری مارکسییەوە نزیک بووەو بە ئومێدی ئەوەی لە ئەنجامی خەباتی ئەم رێبازەوە کورد مافی نەتەوەیی دەست کەوێت و باری ژیانی چاک بکات و وەک نەتەوەیەک دەسەڵاتی دەربکەوێت) (٢٠١٠: ٥٦٧-٥٦٨).

دڵدار زۆر تامەزرۆی ئەدەب و هونەری کلاسیک بووە، جگە لە هۆنراوەی نیشتیمانی، هۆنراوەی (دڵداری و خۆشەویستی)شی نووسیووە، هەروەها هۆنراوەکانی تایبەت بووە بە لایەنی کۆمەلایەتی وئابووری و سیاسی و شۆرشگێری کۆمەڵگەی کوردی، لەو رێگایانەوە دەستیکردووە بەهاندانی لاوانی کورد بۆ خەبات وکۆڵنەدان و بەبێ وچان کۆشش کردن بۆ پرکردنەوەی ئەو دواکەوتووییەی کە نەتەوەی کورد گرفتاری بووە ( موکریانی،١٩٧١: ٢٠ ؛ مەمەند، ٢٠١٣: ٤٠) هەروەک لە هۆنراوەی ( ئەی کورد)دا دەڵێت:

ئەرێ ئەی کورد لە نێو گەلاندا هەتاکەی مات و داماوی؟
کە عالەم سەربەخۆن گشتی ئەتۆش پەیوەندی نێوداوی... (عبدالرحمن، ١٩٨٦: ١١)

پاشـان دڵدار لە کۆی زام و ئازارو تاڵیەکانی نەتەوەکەی و خۆڕاگری لەبەرامبەر ناحەزان ودوژمنانی گەلی کورد، کەوتە دانانی سروودێکی نیشتیمانی بۆ کوردستان بەناوی سروودی (ئەی ڕەقیب)، کە بە نرخترین هۆنراوەی نیشـــتیمانی دڵدارە، تێیدا بەســـەرهاتی مێژووی گەلی کوردی خوێناوی دەخاتەڕوو، دواتر ئەم ســروودە بووە هێمای بوونی نەتەوایەتی و بیری ناسـیۆنالیسـتی کوردی، پاشـان لە ٢٢/ ١/ ١٩٤٦ لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردی لە کۆماری کوردسـتان، (ئەی رەقیب) لەسـەردەمی پێشـەوا قازی محەمەد(١٩٠٠-١٩٤٧) وەک سـروودو مارشـی فەرمی نەتەوەی کورد دەناسرێت:-

ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان... نای رمێنێ دانەیی تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردووە...زیندووەو قەد نانەوێ ئاڵاکەمان. (موکریانی،١٩٧١: ١١ ؛ ئیبراهیم، ١٩٩٨: ٧ ).

لە نێوان ســـاڵانی ١٩٤٠-١٩٤٥ لەوکاتەدا دڵدار لە بەغدا بوو، ئاســـۆی بیری فراوان کرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئاشـــنایەتی لەگەڵ گۆڤاری گەلاوێژ(١٩٣٩-١٩٤٩) پەیدا کردو لەســـەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بابەتی بڵاو دەکردەوە، هەوڵیدا بیروبـاوەری ئەدەبی وهونەری تێکەڵ بە بیری سیاسی و کۆمەلایەتی بکات (خەزنەدار، ١٩٨٤: ٥٩)، پاشان لە ساڵی ١٩٤٥ دڵدار کەوتە کاری پارێزەری داواکاری هەژاران دەگرێتە ئەسـتۆ بەبێ بەرامبەر، چونکە لەو کاتەدا ئاغاو دەرەبەگەکان حوکمی کۆمەڵگـایـان دەکرد، کوردســـتـان و نـاوچەکـانی دیکەی ڕۆژهەڵات هێشـــتـا قۆنـاغی دەربەگایەتیان تێنەپەراندبوو، دڵداریش هەولیداوە کۆمەڵگا رزگار بکات، بۆ گومەڵگایەکی پیشەسازی خوێندەواری پێشـــکەوتوو، ئەمەش بووەتە مایەی رەخنەو رەتکردنەوەی لەلایەن دەربەگەکانەوە، بۆیە زۆربەی کـات هەوڵیـانـداوە بیکوژن، بەڵام ئەو گوێی پێ نەداون، بەقەد تـاڵە موویەک لەو هەڵوێستە بە جەرگەی خۆی لای نەداوە، پاشان خەباتی دەکرد لە پێناوی ئەوەی جیهانی کۆن تازە بکاتەوە (خەزنەدار،١٩٧٧: ١٣ ؛ شارەزا،٢٠١٣: ٩٦).

**تەوەری دووەم: رۆڵی یوونس رەئووف (دڵدار) لە دامەزراندنی کۆمەڵەی( دارکەر- الحطاب) (٢٩) ١٩٣٧:-**

ڕەوشی سیاسی باشوری کوردستان لە دوای ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٣٠ لە نێوان عێراق و بەریتا چەند پەرەسەندێکی سیاسی بەخۆوە دیت، کە دەربارەی سیاسەتی حکومەتی عێراق بووە لە دژی مافە نەتەوەیەکانی کورد، یەکێک لە پەرەســـەندنە گرنگەکانی ســـاڵانی ســـیەکانی ســـەدەی بیســـتەم دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر بووە. ســـەبارەت بە ڕۆڵی ناوبراو لەم کۆمەڵەیە، جێگای ئاماژەیە لەوکاتەدا بەهۆی نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی کۆمەڵێک لە قوتابیانی شـــارەکانی دیکەی کوردســـــتان ڕوویان لە لیوای کەرکوک کرد، بۆ تەواوکردنی خوێندن، یوونس رەئووف (دڵدار)یش

(٢٩) دارکەر الحطاب دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر لە ژێر کـاریگەری نـاوی کۆمەڵەی کاربۆناری(رەژوکەران) ئیتالی ئەم ناوەیان لە کۆمەڵەکە نا، لە نیوەی یەکەمی ســـــەدەی نۆزدەهەم، لە ئیتالیا دامەزرابوو، کاریان بۆ رزگاری کردنی ئیتالیا لە دژی داگیرکەر دەکرد، دڵدارو هاورێکانی مێژووی ئەم کۆمەڵەیان خوێندبۆوەو کەوتبونە ســـەر بیری ئەوەی بە شێوەی ئەوان کوردستان رزگار بکەن (ئۆمەر، ٢٠٠٥: ٧٨ ؛ بیمار،٢٠١٧: ١٤٢)

وەک یەکێک لەو قوتابیانە لە ساڵی ١٩٣٧ ڕوو لەم شارە دەکات و پاشان چاوی بە کۆمەڵێک قوتابی دەکەوێت، دوای یەکترناســـین، هەوڵیدا تەقەلاکانی خۆی لە بواری خەباتی نەتەوەیی بخاتە گەڕ (تەیب، ٢٠٠٨: ١١٨؛ بیمار،٢٠١٧: ١٤٢)، دواتر بیر لە بیرۆکەیەک دەکاتەوە کە جێگەی ڕەزامەندی هەموان بێت، دواتر دەســتپێشــخەریەک دەخاتە ڕوو بانگهێشــتی ئەو قوتابیانە دەکات کە لێیەوە نزیک بوون پێیان دەڵێت: ئێوارە لە خانووی (شــاکر بەگ جەلالی)کە لەلایەن ( بورهان جاف)ەوە بە کرێگیرابوو، لە گەڕەکی (بەگلەر)ی ( قۆریە)ی کەرکوک ئامادەبن، بۆ بڕیاردان لەســەر کارێک. (الطالبانی،٢٠١٠: ١٧٤) دواتر هەریەکە لە (بورهان حامید[٣٠]، کاکە حەمەی خانەقا[٣١]، موکەرەم تالەبانی[٣٢]، جەلال قادر) لە شــوێنی دیاریکراو ئامادە دەبن، لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لە ئێوارەی نیوەی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٧ بەسەرپەرشتی یونس رەئوف(دڵدار) کۆبونەوەکە ئەنجامدرا. ( تالەبانی، ٢٠١٨/١/٨:کات ١٠)،سەرەتای کۆبوونەوەکە بە وتارێکی دڵدار دەستی پێکرد، کە باسی لە ژیانی ناخۆشــی خەڵکی کورســتان وباروودۆخی نالەباری کورد لە کوردســتانی عێراق و تورکیاو ئێران پێشــکەش کردو تێیدا ئەو پەیمان و بەڵێنە ناڕاســتانەی کە وڵاتە ئەورووپییەکان لە (کۆمەڵەی

---

[٣٠] بورهان حامید: یەکێکە لە ســەرۆکەکانی هۆزی جاف، لەناوچەی هەڵەبجە نیشــتەجێ بووە، خوێندنی سەرەتایی لە هەڵبجەو ناوەندیی لە سلێمانی و ئامادەیی لەکەرکووک تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی ماف،چەندین پۆســتی لە بەشــی یەکە ئیدارییەکان وەرگرتووە، دواجار لە ســاڵی ١٩٨٣ بەهۆی کەوتنەوەی موشەکێک کە دەبێتە هۆی بریندازبوون و گیان لەدەستدانی (الطالباني، ١٩٩٦: ٣٣).

[٣١] کاکە حەمەی خانەقا:کوڕی ســەید ئەحمدی خانەقایە، لە ســاڵی ١٩١٨ لە گوندی تەل عەلی سەر بە ناحیەی مەلحیە پارێزگای کەرکوک لە دایک بووە، یەکێکە لەگەورە پیاوانی بەرزنجی،خوێندنی ســەرەتایی و ناوەندیی لە شــاری کەرکوک تەواو کردووە، لە ســاڵی ١٩٤٦ لە کۆلێژی ماف دەرچووە، پاشـــان کاری پارێزەری کردووە، دواتر وەک نوێنەری کەرکوک لە پەرلەمانی عێراق تا ساڵی ١٩٥٨ کاریکردووە، بەهۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە ساڵی ١٩٦٣ کۆچی دوایی کرد (الطالباني، ١٩٩٦: ٣٣).

[٣٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ موکەرەم تاڵەبانی لە ١٨ /٢٠١٨/١، ســلێمانی: کوڕی شــێخ جەمالی کوری شــێخ محەمەدی عەلی تالەبانییە، لە ســاڵی ١٩٢٣ لە شــاری کەرکووک لە دایکبووە، خوێندنی ســەرەتایی وناوەندیی لە کفری ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە، دەرچووی کۆلێژی ماف، لە ســاڵی ١٩٤٦ کاری پارێزەری کردووە، لەســاڵی١٩٣٧یەکێک بووە لە دەســتەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر، دواتریش لە گۆرینی دارکەر بۆ هیوا هەر لەناو پارتی هیوا ماوەتەوە تا هەڵوەشانەوەی، پاشان پەیوەندی بە حیزبی شیوعی عێراقی لقی کوردستان کردووە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ گیراوە تا ساڵی ١٩٥٨، لە ساڵی ١٩٧٢ بووە بە وە زیری ئاودێری و گواســتنەوە، لە ســاڵی ١٩٧٣بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانیاری ئابووری وەرگرتووە، لە دوای ڕووخانی حکومەتی عێراق لە ٢٠٠٣/٣/٩وە خانە نشــین بووە، لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووە، تا ئێستا لە ژیاندایە.





گەلان- عصبة الأمم)، داویانە بە کوردو ئەو ناپاکییانەی دەرهەق بە گەلی کورد کراوە خستە ڕوو، بە مەبەستی دوورخستنەوەی گەلی کورد لە نیشتیمانەکەی و سەرنەکەوتنی ئەو شۆرشانەی کە داوای سەربەخۆی کوردستانیان دەکرد، کە تێیدا هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی تێدا بەشدار نەبووە، هاوکات نەبوونی کۆمەڵەیەکی سیاسی کە شۆڕشەکان بەڕێوە بەرێت، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە رۆشنبیران هەوڵ بدەن بۆ یەکخستنی ریزەکانی نەتەوەیی، هەروەک چۆن ئەڵمانیاو ئیتالیا یەکیان گرت بۆ پێکهێنانی دەولەتێکی یەکگرتوو، بەم پێیە دڵداریش پێشنیاری کۆمەڵەیەکی نهێنی بەناوی (دارکەر) دەکات، دوای بیروڕا گۆڕینەوە لە نێوان تەواوی ئەندامەکانی ئامادەبوو ریککەوتن لەسەر دامەزراندنی (الطالباني،١٩٩٦: ش٣٢؛ شریف،١٩٩١: ٢٤). هەروەها هەلبین مزوری ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" سەرەتای کۆبۆنەوەکە قسەکانی دڵدار زۆر کاریگەربوون دەربارەی باسی ژیانی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپا بەرامبەر بە کێشەی کورد، پاشان بریاریاندا کە کۆمەڵەیەکی سیاسی دروست بکەن بەناوی دارکەر کە شوێنی (کۆمەڵەی ئازادی) بگرێتەوە (٢٠٠٨: ٥٢).

سەبارەت بە شوێنی دامەزراندنی کۆمەڵەی دارکەر بیروڕای جیاوازی دژ بەیەک هەیە، هەریەکە لە (موکەڕەم تاڵەبانی و نوری شاوەیس و رەشید باجەلان)[٣٣] ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکاری ئامادەیی لە کەرکووک دامەزراوە، لەسەر پێشنیاری (یوونس رئووف) بووە، بیرۆکەکەش هەر خۆی بووە. (الطالەبانی ، ١٩٩٦: ٣٤؛ شاویس، ١٩٨٥: ١٨ ). لەلایەکی ترەوە هەریەکە لە فەیسەڵ دەباغ و ساڵح حەیدەری پێیان وایە: لەشاری هەولێر ئەم کۆمەڵەیە دامەزراوە، ئەویش پشت بەستن بە یاداشتەکەی ساڵح حەیدەری و موستەفا عوزێری، کە دەڵێت" موستەفا عوزێر یەکێ بوو لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر کە کۆمەڵێک قوتابی هەولێر لە ناوەندی و ئامادەیی کە پێک هاتبوون لە (موستەفاعوزێری،یوونس رئووف، جەلال قادر، موسا سەمەد ، ئیحسان حاجی ئەحمەد، باقچەچی و ئەوانی تر) (حیدری،٢٠٠٤: ٩ ؛ دەباغ، ١٩٩٧٢: ١٢ ). لە راستیدا زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە ئەم کۆمەڵەیە لە کەرکوک دامەزرا، هەروەها بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە، لەوکاتەدا خوێندنی ئامادەیی تەنها لەکەرکوک هەبوو، بۆ تاقیکردنەوەی وەزاریش ژمارەیەکی زۆری قوتابی رووی لەم شارە دەکرد، هەروەها دڵدار خۆشی لەیاداشتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات تا ساڵی ١٩٣٦ لەشاری هەولێر بووە، پاشان لە سالی ١٩٣٧ بۆ

---

[٣٣] رەشید باجەلان: رەشید کوڕی ئیسماعیل کوری عەزیز باجەلان، لە سالی ١٩٢٠ لە گوندی تازەشار لە ناحیەی قۆرەتو لەدایکبووە، لە سالی ١٩٤٠ چۆتە کۆلیژی ماف لە بەغداو دواتر لە ١٩٤٤ خوێندنی تەواو کردووە، بۆتە پاریزەر لەشارەکانی شارەبان و بەعقوبە حییلەو بەغدا، لە سالی ١٩٤٣ سەفەری بەیروتی کردووە، پەیوەندی بەکامەران بەدرخانەوە کردووە، هەوڵیداوە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان جولانەوەی رزگاریخوازی کورد دروست بکات، لەپارچەکانی عێراق و سوریاو لوبنان، دواتر بۆتە سەرپەرشتیاری دادگا تا حەفتاکانی سەدەی رابردوو، لە سالی ١٩٩٢ خانە نشین بووە، لە شوباتی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کردوە. ( نەریمان،١٩٩٣: ٦-٨).

تەواو کردنی خوێندنەکەی روو لەشـــاری کەرکووک دەکات، هەروەها ئەحمەد دلزاری[٣٤] هاورێی دڵدار دەڵێت" ئەم کۆمەڵەیە لەشاری کەرکووک دامەزراوە (دلزار،٢٠١٧/١٢/٢٧: ١٢ی نیوەرۆ)، دواتر موکرەم تاڵەبانیش هەمان رای هەبوو کە ئێستا لەژیان دایە (تاڵەبانی، ٢٠١٨/١/٨: ١٠ی بەیانی).

نوری شـــاوەیس[٣٥] لە یاداشـــتەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووەو نوســـیویەتی" لە شـــاری کەرکووک دامەزراوە، پاشان دەڵێت" لە پایزی سـالی ١٩٣٨ بۆ خوێندنی ئامادەیی چوومە کەرکوک، دوای ئەوەی لاوانی کۆیە وهەولێر چاومان بەیەکتر کەوت و دوای یەکترناسـین، لەم سـەروبەندەدا تازە (کۆمەڵە ئازادی ) کۆتایی بە چالاکییەکانی هاتبوو، بۆ بەردەوام بوون بە چالاکییە سیاسییەکان و چارەســەرکردنی کێشــەی کورد بیرمان لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەک کردەوە کە هەریەکە لە (من وعەبدوولا توفیق جەوهەر، جەلال حامید بەگ، یوونس رەئووف )پێکهاتبوون، دوای ماوەیەک لە هاورێیەتی وخۆشـەویسـتی لە نێوانمان کۆمەڵەی (دارکەر)مان دروسـتکرد، لەوکاتەدا لە خوێندنی ئامادەیی بووین، مێژووی ئەوروپامان دەخوێند کە باسی یەکیەتی ئیتالیاو یەکیەتی ئەلمانیای دەکرد، ئێمەش کاریگەر بووین بەو بیرەوە، بۆیە داوای دەوڵەتێکی ســەربەخۆمان بۆ کوردســـتان دەکرد، هەروەها پێویستمان بە کەسێکی وەک (گاری باڵدی)[٣٦] هەبوو بۆ یەکخستنی کوردستان، پاشان لە

---

[٣٤] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد دلزار لە ٢٠١٧/١٢/٢٧، لە هەولێر. ناوبراو لە ٨ی کانونی یەکەمی ١٩٢٠ لە شـــاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی ســـەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە، لەســـەر دەســـتی دڵدار بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی دارکەرو هیوا، پاشـــان ئەندامێکی کارای حیزبی شـــیوعی عێراقی بووە، زۆرجار لەلایەن حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق زیندانی کراوە، هەروەها بەشـــداری شـــۆرشـــی رزگاریخوازی کوردی کردووە، تا ئێستا لە ژیاندایە.

[٣٥] نوری شـــاوەیس: نوری کوڕی ســـدیق شـــاوەیس لە ســـاڵی ١٩٢٢ لە ســـلێمانی لە بنەماڵەیەکی نیشـــتیمانپەروەر لە دایکبووە، لە ســـاڵی ١٩٣٥وەک کەســـێکی بەشـــدارو دامەزرێنەری (کۆمەڵەی ئازادی ) دادەنرێت، پاشـــان دەبێتە ئەندام لە کۆمەڵەی دارکەرو پارتی هیواو حیزبی شـــۆرش ورزگاری، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان چووە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان لە سالی ١٩٤٦ وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسـی دیاری دەکرێت، تا ســـاڵی ١٩٧٩، هەروەها بەشـــداری لە زۆربەی چالاکییە ســـیاســـییەکانی کورد کردووە، ئەندامێکی کارای پارتی بووەو دواجار لە رۆژی ١٥ تشـــرینی دووەمی ١٩٨٣ لەشاری لیڤەرپولی بەریتانیا کۆچی دوای کرد. (شاوەیس، ١٩٨٥: ٣-٦).

[٣٦] گاری باڵدی: لە ســـاڵی ١٨٠٧ لە دایکبووە، ســـەربازو ســـیاســـەتمەدارێکی ئیتاڵی بووە، دواتر پەیوەندی بە ریزەکانی بزووتنەوەی گەنجانی ئیتاڵیاوە کردووە، لە ناخەوە بڕوای بە رزگارکردنی نەتەوەکەی بووە، هەردەم دەیووت": مردن لە ژیانی کۆیلایەتی باشـترە"، هەر لە منداڵییەوە هۆگری بیری ئازادی بووە، لەســـاڵی ١٨٤٨گەڕاوەتەوە بۆ ئیتاڵیای وڵاتی خۆی کە ئەوکاتە ڕووبەڕووی جەنگێکی نیشـتیمانی مەزن بۆتەوە لەگەڵ نەمسـادا، لەساڵی ١٨٥٤

مانگی تشـــرینی دووەمی ١٩٣٨ دوای ماوەیەک من و (دلدار) عەبدوولا توفیق جەوهەرمان بەهۆی ئەوەی کە لە پارتی برایەتی ئەندام بوو دەرکرد، چونکە هەوڵماندا ئەم کۆمەڵەیە زۆر بەنهێنی بێت، پاشـــان ( جەلال بورهـان وحـامید بەگ) هـاتنە نـاو کۆمەڵەکەوە (١٩٨٥: ١٨-١٩). هەروەهـا رۆژنامەنووس (کریس کۆچێرا )هەمان بیرو ڕای شاویسی هەیە پێی وایە " دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی دارکەر لەهەریەکە لە (نوری شـــاوەیس، یوونس رەئووفی شـــاعیر،عەبدوولا تۆفیق جەوهەر) پێکهاتبوو، لە شـاری کەرکوک دایان مەزراند (٢٠١١: ١٧٨). ئەوەی لێرەدا گرنگە دەمەوێ ڕاسـتی بکەمەوە کۆمەڵەی دارکەر لەمانگی ئەیلوولی سـاڵی ١٩٣٧ دامەزراوە نەک سـاڵی ١٩٣٨، کە نوری شـاوەیس لە یاداشـتەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها نوری شـاوەیس ئاماژە بۆ ناوەکانی تری دەسـتەی دامەزرێنەری کۆمەڵەکە ناکات،هەر خۆی و عەبدوولا جەوهەرو ( دڵدار )ی باس کردووە، بەڵام هەریەکە لە (بورهان حامید جاف، حەمەی خانەقا، موکەڕەم تاڵەبانیش) بەشداربوون، بەڵام لە راسـتیدا نوری شـاوەیس سـاڵی ١٩٣٨ بۆتە ئەندام لەم کۆمەڵەیە، دوای کرانەوەی لقەکانی هەولێرو سـولێمانی، هەروەها راسـتییەکی تریش هەیە کریس کۆچێرا هەمان قسـەکانی نوری شـاوەیسـی گێڕاوەتەوە،ئەویش چونکە پشتی بە نوری شاوەیس بەستووە.

لەلایەکی دیکەوە هەلبین مزوری ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت": بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی بڵاو نەکراوەی حکومەت کە تایبەت بوو بە وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەم کۆمەڵەیە لەسـەر دەسـتی کۆمەڵێک رۆشـنبیری هەولێر لە نیوەی سـییەکان دامەزرا، کە پێکهاتبوون لە(یوونس رەئووف، موسـتەفا عوزێری، عەونی یوسـف، جەلیل هۆشـیار، جەمیل رەشـید میران، عەبدولفەتاح جەباری، رۆستەم جەباری، موسی ئەحمەد،عەزیزشالی، نورەدین بەهادین، ئەوانی تر)، لە کۆتایدا بە گوێرەی ئەو بەڵگە نامەیە دڵنیایی دەدا کە ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن قوتابیانی ناوەندی هەولێر لەشـاری هەولێر دامەزراوە، کە ئەندامە کاراکانی لە (موسـتەفا عوزێری وموسـی عەبدولسـەمەد) بوو، دواتر لەسـەر دەسـتی گەنجانی هەولێر لەسـەر پێشـنیاری یوونس رەئووف (دڵدار) لە هەولێر دامەزراوە، پاشان لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ لقی تریان لە شارەکانی کەرکوک و سولێمانی کردەوە (٢٠٠٨: ٥٢-٥٣). ئەوەی لێرەدا گرنگە بیخەمەڕوو ئەوەیە ئەم زانیارییەی (هەلبین مزوری) ئاماژەی پێداوە، پشـتی بە یاداشـتەکەی (سـالح حەیدەری بەسـتووە)، هەرخۆشـی لە لاپەڕەی پێشـووتر لە زاری موکەڕەم تاڵەبانییەوە، ئاماژەی بۆ شـــاری کەرکووک کردووە، دواتر ئەم ڕایەشـــی باس کردووە، بەڵام ئێمە دوای بە دواداچونمان بۆ ئەو بابەتە، ســـەردانی موکەڕەم تاڵەبانیمان کرد کە هێشـــتا لە ژیاندا ماوە، خۆی دەســـتەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە بووە، ئاماژەی بەوە کرد: ئەو کۆمەڵەیە لە سـەر پێشـنیاری دڵدار دروسـتبوو خۆی خاوەن بیرۆکەکە بوو، لەو کاتەشـدا دڵدار لە قوتابخانەی ئامادەیی لەگەڵمان بوو، ئێمەی کۆکردەوە لە ماڵی بورهان جاف لە کەرکووک، ئەم کۆمەڵەیەمان دروستکرد، دواتر لە کۆبوونەوەی (ئوم ئەلرەبیعەین) لە ساڵی ١٩٣٨،بڕیارماندا لقی تر لە شارەکانی (هەولێر و سولێمانی و ڕەواندز و شەقلاوەو کۆیەو... هتد) بکەینەوە. (تاڵەبانی،٢٠١٨/١/٨: کات ١٠ی بەیانی).

---

لەجەنکی سـەربەخۆیی ئیتاڵیادا وەکو جەنگاوەرێکی بەجەرگ بەشـداری کردووە. دواجار لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٨٢ کۆچی دوایی کردووە (نوارو نعنی،٢٠١٢: ٢٣٠-٢٣٥).

شـــایەنی باســـە ئەم کۆمەڵەیە هەڵگری بیری نەتەوایەتی بوو، چالاکی فروانترو لە ڕووی ڕێکخســـتنەوە پێشـــکەوتوو ترو ئامانج ڕوونتر بوو لەوانەی پێش خۆی و یوونس ڕەئووف(دڵدار) وەک سەرۆکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵەکە دیاریکرا، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە ڕزگارکردنی کوردستان و یەکخســـتن و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ســـەربەخۆ بوو (تەیب، ٢٠٠٨: ١٢٠)، هۆکـاری دروســـتبوونی ئەم کۆمەڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بۆشـــایی کاری ڕێکخراوەیی و ســـیاســـی لە کوردســـتان بەتایبەتی و تەوژمی بیری نەتەوەیی جیهانی بە گشـــتی کە هاندەری قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەیەک تا لە ڕێگای ئەو کۆمەڵەوە مافە ڕەواکانی گەلی کوردســـتان بە دەســـت بهێنن، لەبەرئەوەی لەوکاتەدا قوتابیانی کورد لە قۆناغەکانی خوێندندا مێژووی ئەوروپـایـان دەخوێندو کەوتبوونە ژێر کـاریگەریی نـاوەڕۆکە ئەم وانەیە، بۆیە ئەوانیش کەوتنە خۆئامادەکردن تا بەشـــێوەیەکی ئەوروپییانە بتوانن لە ڕێگای کاری ڕێکخراوەیی دەوڵەتێکی کوردی یەکگرتوو دابمەزرێنن (ئۆمەر،٢٠٠٥: ٧٨). هەروەهـــا جگە لەدڵـــدار هەریەک لە زەینەبی خوشکی و ئاسەفی براشی، کە دوو ئەندامی کارای دارکەر بوون، لە بنەماڵەکەیان کە کارو چالاکیان ئەنجام دەدا لە ناو شـارەکانی کۆیەو هەولێر، هەتا لە خۆشـەویستیان بۆ ئەم کۆمەڵەیە زەینەب ئەم هۆنراوەی نوسیوەو دەڵێت:-

دارکەر

دارکەرین، دارکەرین... دارکەرین، تێکۆشەرین،

کچ و کوڕی کوردستان... هەمووومان کوردپەروەرین

دارکەرە، دەنگی دلێر... دەنگی ئازای، نەڕەی شێر

ئەوەی دارکەر بناسێ... دارکەرە، نرکەی بوێر

لەدارکەر، تێ دەکۆشم... دێم ئازادی دەپۆشم

ئەگەر دارکەر نەبێ... چرایەکی خامۆشم

دارکەر بیروباوەڕە... بۆنی گوڵی شەش پەڕە

بە بارانی دارکەرە... وەرزی بەهارمان تەڕە

(حەمید،٢٠١٧:٧ی ئێوارە)

ئەم کۆمەڵەیە هەڵگری بیری نەتەوەییانە بوو، لە ڕووی ڕێکخســـتنەوە پێشـــکەوتوو ترو ئامانج رونتر بوو، بەڵام پەیرەوێکی ناوخۆی تایبەت بە خۆی نەبوو، بەڵکو هەموو ئەندامەکان لە چوارچێوەی یەک بیروڕاو یەک ئـامـانج کۆبوونەوە، ئەویش بریتییوو لەوەی کوردســـتان پارچە پارچە کراوە، دەیان وت: پێوسـتە خەبات بکەین، لە پێناو نەتەوەی کورد، بۆ بەدەسـهێنانی ئازادی تەواو). (المزوری، ٢٠٠٨،٥٤ )، هەروەهـا ڕێکخســـتنەکـانی بەشـــێوەیەکی نهێنی بوو، زۆربەی ئەندامەکانی گەنج و قوتابی زانکۆ بوون، کاتێک دەبوونە ئەندام لەو کۆمەڵەیە، دەبوایە ســـوێند بە خوداو قورئـانی پیرۆزو خەنجەری کوردی بخۆن، کە دڵســـۆز بن بۆ گەلی کوردو فیداکاری لە پێناوی نیشـــتیمانی گەورە بکەن (الطالبانی، ١٩٩٦: ٣٦ ؛ کەریم، ٢٠١٣: ٢٩١) هەروەها موکەڕەم تالەبانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت" بەرنامەو شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵەی دارکەر پەیرەوەی شانەی بچووکی دەکرد کەهەر شانەیەک لە پێنج ئەندام پێکهاتبوو، پاشان سەرۆکی شانە دادەنراو نازناوی بۆ هەر ئەندامێک دادەنا، کۆمەڵەکە سـەرۆک و دەسـتەی دامەزرێنەری هەبوو، شـێوازێکی

تایبەتی هەبوو لە کۆکردنەوەی ئەندامەکان و پێکهاتەی شـــانەکان، هەروەها لەکاتی هەڵبژاردنی ئەندامە نوێیەکان ســـەرۆک شـــانەکان دەهاتن و ئەندامە نوێیەکەیان تاقی دەکردەوە بزانن تا چەند کاری ڕێکخراوەیی نهێنی دەپارێزێت، پاشـــان دەیان خســـتە ئەلقەیەکەوە بە نازناوێکی ترەوە، ســـوێندیان دەدان بەناوی نەتەوەیی وئاینییەوە بڵێت":( ســـوێند بە خودای گەورە بە قورئانی کریم، بەخەنجەری کوردی، کە دڵســـۆزی نەتەوەی کوردی بێت وخۆی بەخت بکات لە پێناو نیشـــتیمانی کوردســـتانی گەورە)، پاشـــان لە بارەی ئابوونەشـــەوە قوتابیان کەم توانا بوون، تەنها هەندێ جار پەنجا فلسیان دەدا (١٩٩٦: ٣٧).

لەلایەکی ترەوە کریس کۆچیرا دەڵێت"کۆمەڵەی دارکەر لە ڕووی ڕێکخســـتنەوە، تەنها گەنجی خوێندەواری بە ئەندام وەردەگرت، پەیرەو بەرنامەکەی نەتەوەیی بێ غەل و غەش بوو، خەباتیان لە پێناو ئۆتۆنۆمی کوردســـتانی عێراق و ســـەربەخۆیی هەموو کوردســـتان بوو، هەروەها مۆرکێکی هەبوو کە پتر ڕەنگدانەوەی کاریگەری و دەســـەڵاتی حیزبی کۆمۆنیســـتی عێراق بوو، هەروەها ئایدۆلۆژیایی ئەم کۆمەڵەیە زۆر روون نەبوو، دەیان ووت:" ئێمە دژی فاشیزم و هیتلەرین لایەنگری دیموکراســـی و نەیاری ئیمپریالیزم، بە تـایبەتی نەیـاری ئینگلیزەکـانین" (٢٠١١: ١٧٨)، هەروەها دیڤید مەکداوڵ پێی وایە:" دارکەر پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ حیزبی شـیوعی عێراق هەبوو بەتایبەتی لقە کوردیەکەی بەناوی گۆڤارەکەی (ڕۆژنامەکەی و.ک)ناســـرابوو. داواکاری ئازادی بۆ کوردو عەرەب هەبوو، هەروەها دارکەر لە مەیدانی ئایدۆلۆژیایدا، زۆرتر ڕەنگی ناســـیۆنالیزمی بە خۆووە گرتبوو، پاشان ئەم کۆمەڵەیە ئەندامەکانی فروانبوو لقیان لە شـارەکانی (موسڵ و بەغدا)ش کردەوە (٢٠٠٥: ٤٧٤).

لە راســـتیدا ناوهێنانی ئەم کۆمەڵەیە بەناوی (دارکەر– ڕەژەووکەران) کۆمەڵێک بیرورا هەیە لەسەری، لەوکاتەدا لە خوێندنی ئامادەییدا، مامۆستاکانی وانەی مێژووی ئەوروپایان دەگوتەوە کاریگەر بوون بە هەستی نیشتیمان پەروەری و عەرەب چیەتی پێیان وابوو مەلیک غازی کەسێکی لێهاتووە لە بواری نەتەوەییدا، بۆیە کۆمەڵێک مامۆســـتای عەرەبی شـــۆڤینی لە دەرەوەی عێراق هاتبوون، کە کاریگەربوون بە مێژووی ئەورووپاوە، هەوڵیان دەدا تا مەلیک غازیش بتوانێت هەموو دەوڵەتـانی عەرەبی کۆبکاتەوەو دواتر یەک بگرن وەک یەکیەتی ئیتالیـاو یەکیەتی ئەڵمـانیـا، پێیـان وابوو بارودۆخی دەوڵەتانی عەرەبیش وەک ئەورووپا پێوســـتی بە یەکگرتن هەیە، ئەم کۆمەڵەیەش خاوەنی هەمان بیرۆکە بوو کە هەوڵیدەدا دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دابمەزرێنێ، بۆیە کەوتە کاری نهێنی و چالاکی کردن لەشـــارەکان، هەوڵیدا ئەندام و لایەنگری چینی ڕۆشـــنبیر لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بۆیە ئەم کۆمەڵەیە لەســـەر هەمان ڕێبازی (کاربۆناری- الفحامین) ڕۆیشـــت کە چۆن لەگەڵ(گاری باڵدی) یەکیان گرت بۆ دروستبوونی یەکیەتی ئیتالیا، بۆیە دەستەواژەی (دارکەر- الحطاب) نزیک بوو لە کۆمەڵەکەیان، هەر بۆیە ناویان نا کۆمەڵەی دارکەر(الطالبانی،١٩٩٦ :٣٤ ؛ دلزار،١٩٩٨: ٤٥). لەلایەکی ترەوە فەیســەڵ دەباغ لە زاری موستەفا عوزێریەوە ئاماژە بەوە دەکات کە وشـــەی (دارکەر) دەباتەوە ســـەر (دارکەلی) واتە ئەو دێیەی کە شـێخ مەحموودی حەفید لێی لە دایک بووە (١٩٩٧: ١٠). بەڵام ئەم رایە دوورە لە ڕاســـتییەوە، ڕای یەکەم ڕاســـترەو هەروەک لە پێشووتر سەرچاوە ڕسەنەکان ئاماژەیان پێداوە.

ئامانجی کۆمەڵەی دارکەر، بریتیبوو لە چارەســەرکردنی کێشــەی کوردو داواکردنی مافی کورد، لەوکاتەدا نەتەوەی کورد دابەش کرابوو، بەســەر دەوڵەتانی (عێراق، تورکیا، ئێران، ســوریا)، لەلایەکی دیکەوە ســـیاســـەتی ئیمپریالیزمی لەلایەن دەوڵەتانی رۆژئاوا لەناوچەکە پەیرەو دەکرا، زۆربەی رۆشــنبیران کاریگەر بوون بە بیری پێشــکەوتن و دیموکراســی، هەروەها لە ســاڵی ١٩٣٦ دوو کەســایەتی بەناوەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵا) کە هەڵگری بیری مارکســی بوون، هەســـتان بە بڵاو کردنەوەی پەنامیلکەیەک بەناوی (العرب والاکراد) بە زمانی عەرەبی، ئاماژەیان بەوە کردبوو کە عەرەب و کورد پێکەوە یەک ئـامـانجی هـاوبەشــیـان هەیە، ئەویش کە خۆی لە ئازادی و دیموکراســی و مافی چارەنووس خۆنووســین دەبینییەوە، پاشــان ئەندامانی کۆمەڵەی دارکەر ئامانجیان رزگار کردنی کوردســتان و دروســتبوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بۆ کوردان بوو، بۆیە دروشــمیان بریتیبوو لە ( بژی کوردو کوردســـتان- عاش الکرد و کردســـتان)، یەکێکی تر لەئامانجەکانیان کردنەوەی لقی زیاتر لە شــارەکانی تری کوردســتان، بەتایبەتی لەوکاتەدا بۆشــایی سیاسی و شکستەکانی شۆڕشی کوردی باڵی بەسەر کوردستان کێشابوو، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە هەلێک دەگەڕان کە پارتێک یاخود کۆمەڵەیەک هەبێت بتوانێت هەموو کورد کۆبکاتەوەو یەک بگرن بۆ رزگارکردنی کوردســـتان و دەوڵەتێکی ســـەربەخۆ (الطالبانی، ٢٠١١: ٢/ ١٧٤). هەروەها نوری شـــاوەیس لە یاداشـــتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" ئامانجمان لە کۆمەڵەی دارکەر بریتیبوو لە دروســتبوونی بەرێوەبەراتیەک لە ناوچەکانی کوردســـتان، کە زمانی قســـە کردن و خوێندن بە زمانی کوردی بێت، پاشــان کردنەوەی نەخۆشــخانەو قوتابخانەو چاکردنی ریگاوبان و دروســـتکردنی رێگە بۆناوچە دورەکانی کوردســـتان، هەروەها کشـــانەوەی ئینگلیز لە عێراق و دروســتبوونی یاســایەک کە لەدام و دەزگاکانی کوردســتان زمانی کوردی بکاتە زمانی رەسمی لە خوێنـدن و دام و دەزگـاکـانی حکومەت، دورکەوتنەوە لە نـانەوەی دووبەرەکی لەنێوان کوردان) (١٩٨٥: ٢١). هەرچەندە تەمەنی کۆمەڵەکە درێژ نەبووە، بەڵآم بەراورد بە تەمەنی دامەزرێنەران و بارودۆخی سیاسی ناوچەکە کارێکی قورسیان گرتۆتە ئەستۆ.

**تەوەری ســـێیەم: رۆڵی یوونس رەئووف (دڵـدار) لە فراوانبوونی کۆمەڵەی دارکەرو گۆڕینی بۆ حیزبی (هیوا- الأمل)[٣٧]:-**

کۆمەڵەی دارکەر لە ماوەی ســـاڵانی ١٩٣٧- ١٩٣٨ ژمارەی ئەندامەکانی زیادی کرد، بەهۆی هاتنە ناوەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی رۆشـــنبیری هەولیرو کۆیەو ســـولێمانی و شـــارەکانی تری کوردســـتان، کاریگەربوونیان بەو درووشـــمانەی کە دارکەر بەرزی کردبۆوە،

[٣٧]حیزبی هیوا- الأمل: ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵەی هێڤی کە لە ســـاڵی ١٩١٠ لە ئەستەنبوڵ دامەزرا، دامەزرێنەرانی ئەم کۆمەڵەیە بریتیبوون لە عومەر جەمیل پاشا و زەکی بەگ و رەفیق حیلمی، ئەم کۆمەڵەیە لە پێشـــووتر رۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە چالاکی ســیاســی ، دواتریش لەســەر پێشــنیاری رەفیق حیلمی ناوی کۆمەڵەکە گۆردرا بۆ هیوا بۆ زینـدووکردنەوەی کۆمەلەکەی پێشـــووتر، لەلایەن دەوڵەتی عوســـمـانییەوە داخرابوو (الطالبانی، ١٩٩٦: ٤١ ؛ دلزار،١٩٩٨: ٤٦).

لەبارەی یەکێتی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی مافی گەلی کورد، هەنگاوێکی گرنگی نابوو لەبەرەو پێش چوون و ڕێکخستن و تێکۆشانەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی یەکجار تەواوی لەسەر بیرو هزری ڕۆشنبیران ڕێکخست بوو (فەیزی،٢٠٠٦: ١٨)، بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵەی دارکەر ئەندامانی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەبوو، کە زۆربەیان لە قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەییەکان پێکهاتبوون، یوونس ڕەئووف (دلدار) کەسێکی چالاک و ڕۆڵێکی کاریگەریی لە بڵاوکردنەوەی بیری دارکەر لەناو شاری کۆیە بینی. ئەو ئەندامانەی کە لە ڕێکخستنەکانی کوردستان کاریان کردووە، لقی هەولێر (موستەفا عوزێری، ڕەشید عەبدولقادر، حوسێن حوزنی موکریانی و براکەی گیو موکریانی،عوسمان قۆجە قەساب، بەکر ئیسماعیل،شێخ موحەمەد(شێخە شەل)، عەزیز موحەمەد، ڕۆستەم جەبارو فەتاح جەبار، عەزەدین فەیزی، ئەنوەر عەبدوڵا، ئەوانی تر) ( رسول، ٢٠٠٥: ١٣٨-١٣٩ ؛ فەیزی، ٢٠٠٦: ١٧) لقی کۆیە (سابیر ئیسماعیل، ئەحمەد ئاغای باخچەوان، سامی عەودال، عوسمان عەونی، تاهیر ئەحمەد حەوێزی،یونس خۆشی، ئەوانی تر) (تەیب،٢٠٠٨: ١٢٠). لقی کەرکووکیش پێکهاتبوو لە ( کاکە حەمەی خانەقا، نورەدین بەهائەدین،فازل تاڵەبانی، شێخ مارف بەرزنجی،شێخ حوسێن بەرزنجی، موکەڕەم تاڵەبانی، چەندانی تر)، ژمارەیەک ئەفسەرو سەربازانی سوپای دووی عێراق بەشداری بوێرانەیان لەچالاکی و ڕێکخستنی فیکریی ی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن کرد (عەبدورەحمان، ٢٠٠٦: ٨٣)، لقی (کفری وچەمچەماڵ )یش کەوتنە هەوڵی ڕێکخستن و پێگەیاندنی لاوانی کوردو ئامادەکردنیان بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان کە پێکهاتبوون لە ( شێخ عەتا جەمال تاڵەبانی، موحەمەد قەرداخی) (عەبدورەحمان، ٢٠٠٦: ٨٤)، هەروەها دیڤید مەکداولێش دەڵێت لەشارە کوردنشینەکانی( موسڵ و بەغدا)ش کرایەوە بەڵام ئاماژە بۆ ناوی کەس ناکات (٢٠٠٥ : ٤٧٤)، نوری شاوەیس لە یاداشتەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ودەڵێت": پەیوەندیمان بە هەریەکە لە قوتابیان جمیل ڕەشید میرن لەناوچەی خۆشناوەتی و ڕەشید باجەلان لەخانەقین و موحەمەد ئەمین زەکی لەکولیەی سەربازی بەغداو دواتر پەیوەندیمان بە هەندێ کەسی دیکەوە کرد، کە پێشتر لە کۆمەڵەی ئازادی بووون لە سولێمانی، وەک (نوری مەلا ئیسماعیل،نوری ئەحمەد تەهاو براکەی مەهدی ئەحمەد، مەهدی حاجی موحەمەد) کە بازرگانی خوێ بوون، لەو ساڵەدا پۆلی سێیەمی ناوەندی بوون و خوێندنیان جێهێشتبوو"(١٩٨٥ : ١٩). هەموو ئەمانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان دەریدەخەن کە ئەم کۆمەڵەیە کارو چالاکییە سیاسییەکانی فروانبوو، بەهۆی کارایی ئەندامەکانی گەشە کردنێکی تەواوی بەخۆیەوە بینیبوو.

لە ساڵی خوێندنی١٩٣٧- ١٩٣٨ی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان کۆتاییان هات و قوتابیان بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ ڕوویان لە شاری کەرکووک کرد، لە دوای یەکترناسی و هاوڕێیەتی ژمارەکیان بوونە ئەندام لە دارکەرو پاش فروانبوونی کۆمەڵەکە ناچاربوون بیر لە بەستنی کۆنگرەیەک بکەنەوە، بۆیە بڕیارپاندا لە ئێوارەی کۆتایی ڕۆژی تاقیکردنەوەی بە کەلۆریا، پێش گەڕانەوەیان قوتابیان کۆببنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش شەست ئەندام ئامادەبوون تیایدا، یەکەم کۆنگرەی دارکەر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ لە باخچەی ( ئوم ئەلرەبیعەیین) لەشاری کەرکووک بەسترا (باوەر،٢٠٠٠: ٩٣-٩٤؛ تاڵەبانی،٢٠١٨/١/٨)، نوێنەری هەریەکە لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و بەغداو کۆیە و شەقلاوە تێیدا ئامادەبوون، کەسایەتییەکان بریتیبوون لە (موسی عەبدولقادر، موستەفا عوزێری، ڕوستەم جەبار،عوسمان میران، مەعروف بەرزنجی، حوسێن

بەرزنجی،فەخرەدین پشدەری)، پاشان یوونس رئووف(دڵدار) وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە یەکەم وتاری خوێندەوە، تێیدا باسی چۆنیەتی دامەزراندنی دارکەرو چالاکییەکانی خوێندنی لەنێوان ساڵی١٩٣٧ بۆ ١٩٣٨ خستۆتەڕوو، باسی فروانبوونی کۆمەڵەکەی کردووە، کە چۆن پەرەی سەندووەو لەشارەکانی کوردستان لقیان کردۆتەوە، پاشان ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر هەریەکە بەرنامەی خۆی خستۆتەروو، لەوانە (کاکە حەمەی خانەقا) ئاماژەی بەوەکردوە کە ئەوان خاوەن هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نین، بەڵکو تەنها ئەوە نەبێت هەندێ لە وئەندامان و لایەنگران کەمێک پارە دەبەخشن، دوای گفتۆگۆیەکی زۆر، دڵدار ئەوە دەخاتەڕوو کە:" ئەم کۆمەڵەیە فروان بووە پێویستە بکرێتە پارتێکی سیاسی چونکە لەتوانای ئێمەدا نەماوە بەڕێوەی ببەین، کەس هەیە لە ئێوە بتوانت سەرپەرشتی بکات)[٣٨] دواجار بە کۆی دەنگی ئەندامەکان، پێشنیاری چەند کەسایەتییەکی کوردیەوە کرا، کە وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە دیاری بکرێن، ئەوانیش بریتیبوون لە (موحەمەد ئەمین زەکی بەگ، توفیق وردی، جەمال بابان، مەعرووف جیاووک، رەفیق حیلمی، ماجید موستەفا). (الطالباني، ١٩٩٦: ٣٨؛ دەباغ،١٩٩٧: ٨ ). دەکرێ بڵێین پێشنیارکردنی ئەو کەسایەتیانە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە کەسانێکی دیارو ناسراوو خاوەن ئەزموونن لە بواری سیاسی و رۆشنبیریەوە، بۆیە هەر یەکێک لەوانە دەتوانێت ئەرکی سەرپەرشتی کردنی رێکخراوێکی فروانی وەکو کۆمەڵەی دارکەر لە ئەستۆ بگرێت.

پاش هەڵسەنگاندنێکی تەواو لەسەر پێگەو ژیانی کەسێتی هەریەکە لەم کەسایەتیانەی پێشنیاریان کردبوو، دواجار بریاردرا کە رەفیق حیلمی وەک سەرۆک دیاری بکرێت، چونکە رەفیق حیلمی پێشتر بەرێوەبەرو مامۆستای ئەو قوتابخانەیە بوو، بەهۆی بیری کوردایەتی گواستبویانەوە، لەلایەکی ترەوە قوتابیەکان پشتگیری زۆریانکرد، پێیان وابوو ئەم باشترین کەسە بۆ ئەم پۆستە، بۆیە لیژنەیەک لە هەریەکە لە (یوونس رەئووف (دڵدار)ی سەرۆک و کاکە حەمەی خانەقا ) پێکهات کە سەردانی بکەن، لەوکاتەدا رەفیف حیلمی لە بەغدا (سەرپەرشتیاری پسپۆری بوو لە وەزارەتی مەعارف)، دوای ئەوەی لیژنەکە لە بەغدا سەردانی رەفیق حیلمی کرد، ئەم پێشنیارەیان خستە بەردەمی ئەویش زۆر بە خۆشحاڵییەوە پەسندی کرد، پاشان لەگەڵ ئەوەدابوو کۆمەڵەی دارکەر ببێتە حیزبێکی سیاسی گەورەو پەرە بە رێکخستنەکانی بدات (الطالباني، ١٩٩٦: ٤١)، بۆ ئەم مەبەستە یەکەم کۆبوونەوەی نێوان رەفیق حیلمی و دەستەی دامەزرێنەرانی دارکەر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٨ لە کەرکووک لە ماڵی کورە مامی (یوونس توفیق ئەمان)بەسترا، باسیان لە گۆرینی کۆمەڵەکە کرد بۆ حیزبێکی سیاسی بەناوی (هیوا)، کە هەموو گەلی کورد کۆبکاتەوەو بتوانێت مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد دابین بکات و دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی دروست بکات، دواتر رەفیق حیلمی هەوڵیدا دەستەیەکی نوێ دابنێت لە قوتابیان بۆ بەرێوەبردنی کۆمەلەکە)

---

[٣٨] پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە بۆچی کەسیان نەیان توانی سەرپەرشتی کۆمەڵەکە بکەن، چونکە زۆربەیان خوێندکارو کەم تەمەن بوون و توانای بەرێوەبردنی رێکخراوێکی سیاسی و رۆشنبیری ئاوا گەورەیان نەبوو، سەرەڕای کەم دەرامەتی و نەبوونی هیچ ئیمکانیەتێکی ماددی، هەروەها کەسانی ناسراوو خاوەن ئەزموونی ئەوتۆ نەبوون، کە بتوانن ئەرکێکی قورسی لەم جۆرە بگرنە ئەستۆ (تاڵەبانی،٢٠١٨/١/٨: کات ١٠ بەیانی).





(الطالبانی، ١٩٩٦ : ٤٢). لەلایەکی ترەوە (ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر ئاماژە بەوە دەدات:" کە کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵەی دارکەر بە ئامادەبوون رەفیق حیلمی لە هاوینە هەواری شەقڵاوە لە باخچەی (جەمیل رەشید میران)[٣٩] دا بەستراو بڕیاڕدرا کە پەرە بە کارەکانیان بدەن و کۆمەڵەی( دارکەر)یش بۆ پارتی هیوا بگۆرن) (٢٠٠٥:٧٩ ). لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم گۆرینی ناوی دارکەربۆ هیوا لە زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ١٩٣٩ دەکەن، بەڵام یەکەم کۆنگرەی دارکەر لەمانگی حوزەیرانی ١٩٣٨ بەسترا هەر لەم کۆنگرەیەش بریار لەسەر دانانی رەفیق حیلمی دراو دوای قبول کردنی و هەر لەو ساڵەشدا لە کۆتا مانگدا دەگۆرردرێ بۆ پارتی هیوا. (الطالبانی، ١٩٩٦ : ٤٢-٤٣).

سنوری چالاکی حیزبی هیوا فراوان بوو، سنوری عێراقی تێپەر کرد، گەیشتە ئێران و تورکیا، پەیوەندی لەگەڵ گروپ و لایەنە سیاسیەکانی کورد لەو ناوچانە رێکخست،هەروەها حیزبی هیوا ژمارەی ئەندامەکانی زۆربوو ژمارەیەکی زۆر لە قوتابی و کاسبکارو ئەفسەرانی ناوسوپاو ،ئەندازیاران و پارێزەران، لە هەموو چین توێژەکانی لە خۆ دەگرت،لەو ئەفسەرانەی لەناو حیزبی هیوا بوون وەک(عزت عەبدولعەزین،میرحاج موستەفا، شەهید موستەفا خۆشناو، رەشید جەودەت) پاشان کۆمیتەی ناوەندی حیزبی هیوا پێکهاتبوو لە:(رەفیق حیلمی:سەرۆک،نوری شاویس:جێگری سەرۆک، یونس دڵدار:سکرتێر) (٢٠٠٤: ٩-١٢)

لەلایەکی دیکەوە نوری شاوەیس لە یاداشتەکەی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" بەهۆی زۆربونی ژمارەی ئەندامەکان و فروان بوونی کۆمەڵەکەمان، داوای بەستنی کۆنگرەمان کرد بۆ گۆرینی کۆمەڵەکە بۆ پارتی هیوا، ئامانجی ئێمە دووربینی و ستراتیژیەت بوو بۆ داهاتوو، بۆیە لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٣٩ لەکاتی پشووی نیوەی ساڵ، بە ئامادەبوونی ئەندامانی (بەغدا ،کەرکووک، کۆیە، سولێمانی) لە ئوتێلێکی کەرکووک کە نزیک رووباری خاسە، هەریەکە لە ( من و یوونس دلدار،کاکەحەمەی خانەقا،فازل تاڵەبانی، نورەدین بەهادین)و هاتووەکانیش بریتیبوون لە(رەشید باجەلان و موستەفا عوزێری بە نوێنەری بەغدا، روستەم جەبارو فەتاح جوبار لە هەولێر، هەروەها ئەفسەرێک بەناوی زەکی سەربە هەولێر بوو، موسی ئەحمەدیش هەر خەڵکی هەولێر بوو تێیدا ئامادەبوون، لە ناوچەی بادینان کەس نەهاتبوو، ئامانجیشمان نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، کە خۆی لە یەکگرتنی کوردستانێکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد دەبینیەوە،(١٩٨٥: ٢٠-٢٢)، هەروەها ئامانجیشمان هەمان ئامانجی (کۆمەڵەی ئازادی کورد)[٤٠] ی بوو.

---

[٣٩] جەمیل رەشید میران: کوڕی رەشید کوری موستەفا میرانە و لە ساڵی ١٩٢٢ لە شەقلاوە لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەقلاوەو ناوەندیی و ئامادەیی لە هەولێرو کەرکووک تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٥کۆلێژی مافی تەواو کردووە، دواتر دەبێتە بەرێوەبەری ناحیە وقایمقامی ناوچەکە، لە سالی ١٩٦٣ خانەنشین کراوە، یەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵەی دارکەر، دەستەی دامەزرێنەری پارتی هیوا لەشارەکانی هەولێر بووە، دواجار لەمانگی ئەیلوولی ١٩٩٥ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە( ئۆمەر، ٢٠٠٥ :٧٩).

[٤٠] کۆمەڵەی ئازادی کورد: ئەم کۆمەڵەیە بە سەرۆکایەتی مەحمود ئازادی دامەزرا، یەکەی کارگێری ئەم کۆمەڵەیە پێکهاتبوو لە (حەمە تابور، مەجول خەیات،ئەحمەد سەعید، نوری

جێی ئاماژەیە ودلدار لە حیزبی هیوا ڕۆڵی بەرچاوو کاریگەریی بینیوە وەک کەسێکی دەرکەوتووی حیزب و زۆربەی کارو چالاکیەکانی گرتبووە ئەستۆ، بەتایبەتی کاتێک کە قوتابی کۆلیژی یاسا بووە لە بەغدا، یەکێک لەو چالاکییانەی بزواندنی هەستی نەتەوەیی لەناو لاوان و خوێندکارە تازە پێگەیشتووەکانی ناوچەی کۆیەو هەولێر بووە، هەروەکو کەریم شارەزا دەڵێت": دەتوانم بلێم دڵداری شاعیری نیشتیمانپەروەر یەکەم کەس بووە، کە مەشقی خەباتی نیشتیمانی و کوردایەتی بۆ داداوم هەموو جارێ بە تاسەو ئارەزوویەکی زۆرەوە گوێمان لە وتە بە نرخەکانی ڕادەگرت و زۆر حەزمان بە ووشە نوێیەکانی دەکرد کە بەکاری دەهێنان وەک" هیوا، نیشتیمان، ڕزگاری، ئازادی و سەربەست... هتد"( شارەزا، ١٩٧٦: ٤-١٠).

لە بەهاری سالی ١٩٣٩ کاتێک حیزبی هیوا ڕاگەیاندرا، هەڵگری هەمان ستراتیژی نەتەوەیی بوو، ڕەفیق حیلمی وەک سەرۆکی پارت و دڵداریش وەک سکرتێری حیزب دەستنیشان کرا (مەمەند، ٢٠١٣: ١٩ ؛ شارەزا، ٢٠١٣: ٩٦)، ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا لە کۆیە زوو گەشەیان سەندو بە خێرایی فراوان بوو، ئەویش بەهۆی چالاکی (دلدار)ەوە بوو کە زۆربەی کاتی خۆی لەگەل لاوانی شارەکەدا بەسەر دەبردو بەردەوام دیدو تێروانینی پارتی هیوای بۆ روون دەکردنەوەو داوای لێ دەکردن بێنە ڕیزی ئەم پارتە نەتەوەییە، لە ئەنجامدا ژمارەیەک لە کەسایەتی ناوداری کۆیە چوونە ریزەکانیەوە لەوانە (عەبدولکریم توفیق،عەلی عەبدولا، کاکە زیاد ئاغای غەفوری، مەلا محەمەد مەلا ئیبراهیم (دلاوەر)، عوسمان عەونی ،ئەحمەد محەمەدمەلا) (شارەزا،١٩٩٧ : ٤٥-٤٦ ؛ تەیب، ٢٠٠٨: ١٢١).

تارق جامباز سەبارەت بە مێژووی دامەزراندنی پارتی هیوا لە کۆیە لە زاری مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزییەوە دەڵێت:" ئەوەی من ئاگام لێبێ لە سالی ١٩٣٩ هیوا لە کۆیە دامەزرا، کە هەریەکە لە (یوونس ڕەئووف (دلدار)و محەمەد نافیع عەبدولفەتاح حەوێزی)ی کە بەرۆستەم ناسراوە، بەندەکانیان دانا ( ٢٠٠٥: ٦٦)، لەلایەکی دیکەوە جەمال فەتحوللا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:"کە هەریەکە لە (محەمەد توفیق وردی، سامی عەودال، سەید برایم بەرزنجی، ئیسماعیل سابیر، تاهیر سەعید، حەمەدەمین مەعرووف، ڕۆستەم حەوێزی، سەید ئەنوەر بەرزنجی) ئەندامی چالاکی حیزبی هیوا بوون (٢٠٠٨: ١٢١)، کۆبوونەوەیان لە ماڵی نامیق ئاغای عەبدوللا ئاغای حەوێزی دەکرد،هەر ئەندامێکی نوێ وەربگیرایە، بە وێنەی سەرۆک و تیخی خەنجەر)و دروشمی کوردستان سوێند دەدران، هەندێ جاریش لە دەرەوەی شار لە قەبرستان و باغەکان کۆبوونەوەیان دەکرد، لە هاوینێکی زۆر گەرمدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کۆیە لە باغی حەمامۆک بەناوی سەیران

---

شاوەیس، نوری مەلا سەعید)، ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵی گێرا لە بۆنەکانی نەورۆز، ئامانجی یەکگرتنی پارچەکانی تری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆو زمانی خوێندن کوردی بێت، ئەم کۆمەڵەیە تا ١٩٣٨ بەردەوام بوو، زۆربەی ئەندامەکانی لە کەرکوک بوون. (المزوري،٢٠٠٨: ٣٢-٣٣).

کۆبونەوە، کەسێک بەناوی (عەلی عەبدوڵڵا )[٤١]، هەستا وتارێکی خوێندەوە گووتی: ئێمە شەخس پەرست نین ئیتر لەمەودوا زۆربەی قوتابیان لە هیوا سارد بوونەوە (جامباز، ٢٠٠٥: ٦٧).

ئەحمەد دلزاری شاعیریش ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" ئێمە زۆربەی قوتابیانی تاکە خوێندنگە ناوەندییەکەی کۆیە، لە هاوینی ١٩٤٠ بانگهێشت کراین بۆ قوتابخانەی دووەمی سەرەتای کۆیە، کە لە گەڕەکی قەلات بوو، لەوێ یەکە یەکە چووینە ژوورێک کە یوونس رەئووف (دڵدار)ی سکرتێری حیزبی هیواو ئەندامان نامیق عەبدوڵلای حەویزی و عەبدولڕەحمان مەلا سادق و چەند ئەندمێکی دی دانیشتبوون، لەوێ سوێندیان داین بە نەخشەی کوردستان و بە قورئان و بە خەنجەری کوردی، کە هەرگیز خیانەت لە نەتەوەی کورد نەکەین، نهێنییەکان نەدرکێنین و تێبکۆشین بۆ گەیاندنی گەلی کورد بە مافە رەواکانی، بەم جۆرە بووین بە ئەندامی حیزبی هیوا ( جامباز، ٢٠٠٥ : ٦٧ ؛ سامان، ٢٠٠٤ : ١٥-١٦ ؛ تەیب،٢٠٠٨: ١٢٢)، لە ساڵی ١٩٣٩ زینەب خانی خوشکی دڵدار وەک ژنێکی کۆیە دەستی کرد بە رێکخستن و کۆکردنەوەی ئەندامە ژنەکانی کۆیەو هەولێر، چونکە لەوکاتەدا ئەم ژنە لەبەرئەوەی بەخێوکردن و پەروەردە کردنی دڵداری گرتبووە ئەستۆی، زۆر کاریگەر بوو بە بیری دڵدارەوە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی هیواش بووەتە ئەندام و کاری سیاسی وریکخستنی شان بەشانی براکانی کردووە، هەر لە خۆشەویستی بۆ ئەم پارتەش ئەم هۆنراوەیەیی بەسەر گووتووە و دەڵێت:-

پارتی هیوا

قوڵینگی فەرهادمان پێیە...پارتمان، پارتی هیوایە

بە باوەڕمان، دەیڕوخێنین هەر کۆسپێک لە ڕێگایە

ساڵەهایە،خوێنی ئێمە، لە گۆزە، دەخورێتەوە

ئاگردانی ئیرادەمان، مەشخەڵی ناکوژێتەوە

خوشک و برا، پاڵەو جوتیار، هەڤاڵی ڕێی خەباتین

یەک دەنگ، یەک ڕەنگ،تێکۆشەری وڵاتین

پارتی ئێمە، پارتی خەڵکەو پارتمان، پارتی هیوایە

هیوا، شەوەزەنگ نایەڵێ، رووناکییەو بڕوایە

(حەمید،٢٠١٧/١١/٢٠:کات ١١:٥ی ئێوارە)

---

[٤١]عەلی عەبدوڵڵا ئەمین: لە ساڵی ١٩٢٦ لە کۆیە لە دایک بووە، دەرچووی بەشی پەیمانگای ئەندازیاری بەغدایە، لە ساڵی ١٩٤٣ یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی میللەت بووەو لە ساڵی ١٩٤٤ ئەندامی یەکێتی تێکۆشین بووە، پاشان لە ساڵی ١٩٥١ لەبەر خەباتی سیاسی بۆ ماوەیەک دوورخراوەتەوە بۆ شاری موسڵ، دواتر لە ( ٣ / ٢ / ١٩٧١ تا ١ / ٣ / ١٩٧٤ )بۆتە پارێزگاری سلێمانی، لە ١٩٧٩/١٠/٤ وەک سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، لە کۆنگرەی یازدەی ساڵی ١٩٩٣ وەک جێگری سەرۆکی پارتی دیاریکرا، بەڵام لە کانوونی یەکەمی ٢٠١١ دەستی لەو پۆستە کێشایەوە، دواجار لە رۆژی ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد. (اسعد غفوری و عبدالحمید،٢٠١٨: ٢٨-٢٩).

حیزبی هیوا رەنگدانەوەی وویست و ئارەزوی بەشی هەرە زۆری نەتەوەی کوردبوو لەوانە، قوتابی و مامۆستاو دەوڵەمەندەکان و سەربازو ئەفسەری سوپاو مووچەخۆری میری و مەلاو شێخ و سەرۆک هۆزو زۆرانی دیکە، لەوکاتەدا، رۆشنبیرانی هەولێر رۆڵێکی بەرچاوو سەرەکی و گرنگیان بینی لە دامەزراندن و بەرەو پێشچوونی ئەم حیزبە، لقی هەولێری حیزبی هیوا چالاکترین لقەکانی ئەو حیزبە بوو، بەتایبەتی لە چەسپاندنی بیروبۆچوونەکانی حزب و تا ماوەیەک ئەم لقە رۆڵێکی دیارو گرنگی هەبوو لە بلاوکردنەوەی گیانی نەتەوایەتی و رۆشنبیری لەناو خەڵکی شاری هاولێر بەگشتی و لاوان بەتایبەتی، مامۆستا ئەحمەد دلزار دەڵێت:" لە کۆتایی سییەکانی سەدەی رابردوو زۆربەی هەرە زۆری لاوانی رۆشنبیری هەولێرو کۆیە لەناو حیزبی هیوا بوون (دلزار، ٢٠١٧/١٢/٢٧،کات ١٢ی نیوەرۆ)، حیکمەت حەمیدیش ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" حیزبی هیوا لەماڵی (سەعید ئاغا)[٤٢]ی کۆبونەوەیان دەکرد، پاشان پلکم زەینەبیش وەک خێزانی سەعید ئاغا بووە ئەندامی کاراو چالاک لە حیزبی هیوادا، سەعید ئاغاش لەگەل دڵدار بە تەواوی پشتیوانی ئابوو جری حیزبی هیوای دەکرد، هەمووکات دڵدار دەیوت" خەبات کردن لەپێناوی نیشتیمان مایەیی شانازییە" (حەمید، ٢٠١٧: ٧ی ئێوارە) چونکە دڵدار ئەوەندە هەستی نیشتیمانی وشۆڕشگێری تێدا بەرز ببۆوە بەردەوام لەکاتی ئامۆژگاریی کردنی قوتابیان دەستەواژەی ئەوەی دووپات دەکردەوەو دەیووت": ئێوە هیوای دوارۆژی گەلی کوردن، ئێوەن لاوە بچکۆلەکانی ئەمرۆو پیاوی گەورەو ناوداری پاشەرۆژی ئەم ولاتە خۆشەویستەو کوردستان دەبن، لەسەر دەستی ئێوە رزگاردەبێت (مەمەند، ٢٠١٣: ٢٠)، لەوکاتەدا زۆربەی ئەندامانی حیزبی هیوا لە شاری هەولێر لەماڵانی قەڵاتێ کۆبوونەوەیان ئەنجام دەداو بابەتی رۆشنبیری جیاجیان تاوتوێ دەکردو باسی شیعرو شاعیرانی نیشتیمانی و نیشتیمانپەروەرو باسی ئەدەب بە گشتی دەکرا، لە ساڵی ١٩٣٩ تا ساڵی ١٩٤١ مامۆستا (عیزەدین فەیزی) وەک بەرپرسی یەکەمی ئەو حیزبە بوو لەشاری هەولێر، پاشان ئەندامانی هەولێر کەوتنە بلاوکردنەوەی گۆڤارێکی نهێنی بەناوی (دەنگی کورد) بەدەست و

---

[٤٢]سەعید ئاغا: کوڕی سەید عومەر ئاغای کوڕی عەباس ئاغایە، لەبنەماڵەی (ئال سەید ئەحمەد)یە لە ساڵی ١٩٠٠ لە گەرەگی قەڵاتی هەولێر لە دایک بووە. لەسەردەمی فەرمانڕوایی عوسمانیەکان باوکی سەعید ئاغا حاکمی شاری هەولێر بووە، لە میراتی باپیری گوندی تیماری بەرکەوتووە، هەروەها ئەندامێکی کاراو چالاکی حیزبی هیوا بووەو هەندێ کات یارمەتی ئابووریشی پێشکەش بەو حیزبە کردووە، لە سەرەتای شۆڕشی بارزان هاوکاری ئابوری شۆڕشی کردووە، دواجار لە ساڵی ١٨/١/ ١٩٦٣ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.(شارەزا، ٢٠٠٥).



خەتی خۆیان نووسیویانە کە قەبارەیەکی بچووک وچوار لاپەرە بوو، پاشان هەفتەنامەیەکی نهێنیان دەرچواندووە بەناوی (گۆڤار)[٤٣]. (فەیزی، ٢٠٠٦: ٢١-٢٢؛ جامباز،٢٠٠٥: ٣٠-٣٣).

پارتی هیوا ڕۆڵێکی مێژوویی بینی لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژ.ک) لە ١٦ ئابی ١٩٤٢ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات،لە کۆبوونەوەکەی (ژ.ک)دا ئەفسەرێکی کوردی باشوری کورستان بەناوی (نەقیب میرحاج) وەک نوێنەری پارتی هیوا ئامادە بوو، هەروەها پارتی هیوا هاورکارو پشتیوانی ڕاپەرینی بارزانی( ١٩٤٣-١٩٤٥ ) بوو، پاشان ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بەرزکردنەوەی هەستی نیشتیمانپەروەری خەڵکی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان (رسول،٢٠٠٥: ١٤٠-١٤٢، شەمزینی،٢٠٠٦: ٢٦٣)، لە ساڵی ١٩٤٣ململانێ و ناکۆکی دەکەوێتە نێوان ئەندامەکانی حیزبەکە لە رووی بیرو بۆچوونەوە حزبەکە دەبێت بە دوو باڵ، باڵی راست و باڵی چەپ" بۆچوونی جیاواز لە نێوان هەردوو باڵەکە لەبارەی پرۆگرام و پلان و شێوازو دروشم وئاراستە سیاسییەکانی حیزبەکە هاتەئاراوە" لەم ناوەدا دڵدار مەیلی بەلای چەپەکاندا چوو، وەک سکرتێری حیزبەکە مایەوە تا توانەوەی لە ساڵی ١٩٤٥ بە نەمانی حیزبی هیوا(مەحمود، ٢٠٠٨: ٢٢). پاش ساڵێک، واتە لە ساڵی ١٩٤٦ چووە ناو (حیزبی رزگاری نیشتیمان- التحرر الوطنی)[٤٤].

لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٤٣ بە دواوە دوو بەرەکی و جیاوازی بیروبۆچوون کەوتە ناو حیزبەوە لە کۆتایشدا لە ساڵی ١٩٤٤بەرەو نەمان چوو لە خوارەوە هەندێکیان دەخەینە ڕوو:-

---

[٤٣] هەفتەنامەی گۆڤار: هەفتەنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردییە یەک دانە ژمارەی لێ دۆزراوەتەوەو لە کتێبێکدا لەلایەن (تاریق جامباز) بڵاوکراوەتەوە، کە ئەویش ژمارە (T) ئەو گۆڤارەیە، وا دیارە ئەم ژمارەیە ژمارە (٢٠) ئەم گۆڤارە بێت، بەپێی زنجیرەی پیتەکانی زمانی ئینگلیزی ریزبەندکراوە، گەنجانی هەولێر یارمەتی دەر بوونە لە نوسین و بڵاوکردنەوەی، ئەم گۆڤارە ساڵی دەرچوونی لەسەر نیە، تەنها لەلای ڕاستی نوسراوە ساڵی یەکەم، لەلای چەپیشەوە هێمای پیتی (T) دانراوەو ئاڵای کوردستان بە قەڵەمی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەری نەخشاوە، هەموو نووسینەکانی هەفتەنامەکە بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە. (فەیزی،٢٠٠٦ :٢٢).

[٤٤] حیزبی ڕزگاری نیشتمانی: ئەم پارتە لە ساڵی١٩٤٥ لە دوایی هەڵوەشانەوەی حیزبی هیوا دامەزرا، دەستەی دامەزرێنەران لە (ساڵح حەیدەری، نافیع یونس، تەها محێدین مەعرووف، نوری شاوەیس، فەتاح شالی، نوری محەمەدئەمین، ڕەشید باجەلان،جەعەفەر محەمەد کەریم)بوون، ئەم پارتە لە گروپە چەپەکان و لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان پێکهاتبوو، ڕۆژنامەی (ڕزگاریان) وەکو ئۆرگانی حیزبەکە دەرچواند، ئامانجیان بریتیبوو لە خەبات کردن لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی و بەدەستهێنانی مافی چارەنووس و رزگاری کوردستان، لە ساڵی ١٩٤٦ دڵدار پەیوەندی پێوە کردن و بووە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی پارتەکە. (شاوەیس،١٩٨٥ :٣٥ )

١. لەگەڵ دەستپێکی دروست بوونی پارتی هیوادا ناکۆکیەکی توندوتیژ کەوتە نێوان سەرۆکی پارت و لیژنەی ناوەندییەوە، کە بووە هۆی دەرکردنی زۆربەی ئەندامانی لیژنە، لەوانە یوونس رەئووف و کاکەحەمەی خانەقاو لە جێگایان ئەندامانی تر لەلایەن سەرۆکەوە دانران.

٢. رەفیق حیلمی هەر بەچاوی مامۆستاو قوتابی تەماشای لێپرسراوانی پارتی هیوای دەکرد، سەرەرای ئەوەش ناوی لە خۆی نابوو (سەرۆکی موقەدەسی باڵا) پێی وابوو سەرۆکایەتی پارت پیرۆزییەکی وای هەیە کەس ئەو مافەی نییە، بەرپەرچی سەرۆک بداتەوە، گوێی بۆ رەخنەش نەگرێت.

٣. بەپێی رێکخستنەکانی هیوا کە رێکخراوانی ئەفسەران و مامۆستایان و قوتابیان و کاسبکاران و سەرۆک خێڵەکان، بە جیا جیا رێک دەخران و کۆبوونەوەیان دەکرد، لێپرسراوانی ئەفسەران گەورەترین نیشاندەرو لێپرسروانی قوتابیان لە بەرزترین پلەی خوێندن لێپرسراوی سەرۆک خێلەکان و دەمراستی ئەوان بوون.

٤. لەپاش گواستنەوەی رەفیق حیلمی بۆ سولێمانی، ئیتر کاروباری لیژنەی ناوەندی لە بەغدا بەرەو کزی رۆیشت، کۆبوونەوەکان تەنیا لەکاتی سەردانی بۆ بەغدا دەکران، هەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن لەوکاتەی کە رەفیق حیلمی لە سولێمانی بوو تەنیا بایەخی بە سولێمانی دەدا، دواتر رەفیق حیلمی بریاری رێکخستنی( ئەلبوم)یدا،دەیووت" پێویستە هەموو ئەندامێک وێنەی خۆی بنێرێت بۆسەرۆک و لەسەری بنوسێت پێشکەشە بۆ سەرۆکی (موقدەسی باڵا)"، ئەمەش بووە هۆی توورە بوونی قوتابیان و یاخی بوونی لیژنەی لقی کەرکووک لەماڵی یەکێک لە ئەفسەرانی سوپا بوو، کە ژمارەیان بیست کەس دەبوو تەنها (موکەرەم تاڵەبانی و مارف بەرزنجی) کەسی ئاسای بوون، دەنا ئەوانی تر هەموو سەرباز بوون وتیان" بۆچی رەفیق حیلمی ئەلبوومی رێکخستوە، پاشان سامانی حیزبی هیوا چۆن سەرف دەکرێ و بەکار دەهێنرێ" (تاڵەبانی، ١٩٩٤: ژ١٣٣٠/ ٩).

٥. بەهێزبوونی بیری مارکسی لەوکاتەدا، بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لەگەڵ رێکخراوە مارکسییەکان بوون، بە خاڵێکی سەرەکی دادەنرێت لە لاوازبوونی هیواو پاشان نەمانیشی.

٦. لەبارەی یارمەتیدانی بزووتنەوەی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥ دوو بۆچوون لەناو حیزبدا هەبوو، یەکێکیان بەهەموو توانایەکەوە لەگەڵ یارمەتیدانی بزووتنەوەکە بوو، ئەمانە زیاتر نەتەوەیەکانی حیزبی هیوابوون، ئەوانی تر لەو رایە بوون کە حیزبی هیوا پێویستە هەڵوێستێکی بێ لایەنی هەبێت.

٧. ئینگلیزەکان لەرێگەی بەکرێگیراوانیان توانیان دووبەرەکی و ناخۆشی بخەنە ناو ریزەکانی حیزبی هیواوە (فەیزی،٢٠٠٦: ٢٤-٢٥)

٨. یەکێ لە خاڵەکانی دیکە ئەوەبوو حیزبی هیوا هیچ ئەندامێکی جوتیارو هەژاری تێدانەبوو، بەڵکو، ئەفسەری پلەدارو ئاغاکانی هۆزەکان بەرزترین پلەیان هەبوو لە ناو ئەو حیزبەدا،لەوکاتەدا چینی موڵکدار نەیدەهێشت ئەندام لە ریزی جوتیاران وەربگیرێت، چونکە پێیان وابوو جوتیاری ئاسایی ناتوانێ زمان و دەربڕینی (هیوا ) لەگەڵ دنیا تایبەتی و بەرتەسکەکەی خۆی پەیوەست بکات، ئەمەش بووە هۆی لاوازکردنی ئەو حیزبە. (مەکداول،٢٠٠٥: ٤٧٤؛ شریف،١٩٩١: ٢٥).

شاعیر مەرگ ماوەی پێ نەداوە لە ئێوارەی رۆژی ١٢ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ لەگەڵ هاورێیەکی بەناوی( عومەر حەبیب) بۆ هەندێ کاروباری خۆی دەچێتە هەولێر، دواتر بۆ نان خواردن دەچنە یانەی فەرمانبەران و پاشان بۆ سینەمای (حەمرا) لە گەرانەوەیاندا لە نزیک ئوتێل( فەرەح) برادەرکەی لادەدات و دڵداریش بەرێ دەکەوێت بەرەوماڵی براکەی بچێت لە رێگا دەکەوێت ودەرشێتەوە، خەڵک بە سەرخۆشی دەزانن، بەهۆی لاڵبوونی زمانی نەیتوانیووە قسە بکات، دواتر بە عەرەبانەیەک دەیبەنە حەپسخانە بەهۆی ئامادە نەبوونی بەڕێوەبەری زیندان شەو تابەیانی دەمێنێتەوە، دواجار دڵی لەلێدان دەکەوێت و کۆچی دوایی دەکات، لە گۆرستانی گەورەی هەولێر دەنێژرێ (علاء الدین،١٩٨٥: ٧٦ ؛ شارەزا، ٢٠١٣،٩٧؛ بیمار،٢٠١٧:). زۆر بیرورِا هەیە لەسەر مردنەکەی هەندێک پێیان وایە کە ئەو خواردنەی خواردوویەتی ژەراوی بووەو بەسەر چووە، هەروەها رایەکی دیکە پێی وایە نەخۆشی رۆماتیزم و ئاوسانی دڵی هەبووە. ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەرگری لەشی هەبووە، دواتریش لە زیندان تا بەیانی ماوەتەوە، بە هۆی ئامادەنەبوونی بەرێوەبەرو هیچ جۆرە دەرمانێکی نەدراوەتێ بۆ چارەسەرکردنی و جگە لەوەی ئەوەی ئەم شەوە زۆر سەرمای بووە، سەرەرای تێکچوونی گەدەو ژەهراوی بوونی بەم خواردنە هیچ جۆرە چارەسەریکیان نەداوەتێ، هەروەک لە یاداشتەکەی خۆشی ئاماژە بەوە کراوە سەرمای بووە، کاتێک کە لەگەڵ هاورێکەی چوار تا پێنج سەعات بەرێگاوە بوونە بۆ هەولێر ئەمەش ماندوی کردووە سەرەنجام ئەوەی لێکەوتەوە.

**دەرئەنجام**

لە دوو توێی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:-

١. لە سییەکانی سەدەی رابردوودا یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کۆمەڵەو رێکخراوە نهێنیانەی کە لەماوەی نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان دروستبوون، شێوازی خەباتیان گۆری لە خەباتی شۆرشگێرییەوە بۆ خەباتی سیاسی و جەماوەری و رۆشنبیری، هەوڵیاندا شێوازی دەسەلات لە تاکرەوییەوە بۆ دەستە جەمعی بگۆرن .

٢. کەسایەتییە ناودارەکانی کۆیە، هەمیشە دەست پێشخەرو رێچکە شکێن بوون، لە بوارە جیاجیاکانی ژیان، لە سییەکاندا دڵداری شاعیر بە یارمەتی هاوبیرەکانی توانی خزمەتێکی گەورە

بە دۆزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بکات، وەک رووناکبیریکی شۆڕشگێڕو رۆشنبیریکی چەپخواز دەربکەوێ.

٣. دروستبوونی کۆمەڵەی دارکەر لە ساڵی ١٩٣٧ لە شاری کەرکووک، رۆڵێکی بەرچاوی گێرا لە کۆکردنەوەی قوتابیانی شارەکانی یدیکە کوردستان و جوڵاندنیان بە ئاراستەی نیشتیمانپەروەری و جێ پەنجەیان دیاربوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانی باشوور .

٤. دڵدار ئەوەندە هەستی نیشتیمانی و شۆڕشگێڕی تێیدا بەرزبۆوە، بە رادەیەک کە توانیبووی هەموو کەسانی چوار دەوری خۆی لە رێکخراوێکی نهێنی کۆبکاتەوە، لە دارکەر وەک سەرۆک و لە هیواش وەک سکرتێر بناسێندرێ، پاشان لە ماوەیەکی کورتدا توانیبووی لە مەیدانی خوێندن و رۆشنبیری و سیاسەت و کۆمەلایەتیدا بەهیمەت بێت و خاوەن کەسێتی خۆی و سەرکەوتوو و پێشەکەوتوو بێت.

٥. لە ساڵی ١٩٣٩ گۆرینی کۆمەڵەی دارکەر بۆ پارتی هیواو وایکرد ئەم پارتە پەیوەندی لەگەڵ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان دروست بکات وببێتە هەوێنی راپەرین و شۆرشەکانی کوردی پشتگیری تەواوی کردوون و هەروەک لە شۆڕشی ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان دەرکەوت.

٦. زۆربەی ئەو کۆمەڵەو رێکخراوانەی لەو سەردەمە هەبوون، خاوەنی پەیرەو پرۆگرامێکی نووسراوو نەبوون، تەنها بە زارەکی چالاکیەکانیان ئەنجام دەدا، ئەم کۆمەڵەیەش لەم کێشە بەدەر نەبووە، بۆیە تا ئێستا نوسراووێک لەبەر داست دانیە، لەسەرەتادا کۆمەڵەکە کاریان بە نهێنی ئەنجامداوەو سنووری چالاکییەکانی بەر تەسک بووەو نارێکی بەرێکخستنەکانیانەوە دیاربووە، جگە لەوەی کورد کێشەی هەبوونی سەرکردەیەکی کاریزمای هەبووە کە نەیتوانیوە هەموو کورد لە ژێر چەتری یەک ئاڵا کۆبکاتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم:ئەرشیفە بڵاو نەکراوەکان:-**

١. حەمید:حیکمەت.٢٠١٧، ئەرشیفە تۆمار کراوەکانی زەینەب خان و حیکمەت،هەولێر.


**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:-**

٢. ئەحمەد: خورشید رەشید.١٩٨٩،ڕێبازی ڕۆمانتیک لە ئەدەبی کوردی دا،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.
٣. بیمار: عەبدولرەزاق.٢٠١٧،لە سێبەری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا،چاپخانەی ناوەندی ڕینوێن،کۆیە.
٤. توفیق:علی تتر.٢٠٠٧.ژیانی سیاسیی لە کوردستان١٩٠٨-١٩٢٧،وە:تحسین ابراهیم الدوسکی،دهۆک.
٥. تەیب: جەمال فەتحوڵا.٢٠٠٨، کۆیە١٩١٨ ١٩٥٨-لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسییە،چ٢،چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٦. جامباز:طارق.٢٠٠٥،حزبی هیوا لە لیوای هەولێر،بڵاوکراوەی گۆڤاری یاسا،هەولێر.
٧. حیلمی: رفیق.٢٠١٠، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی،دەزگاو چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر.
٨. خادم سوجادە:حیکمەت حەمید مەلا ڕئووفەفەندی، ٢٠١٨، دیوانی زەینەب خان- کچە کورد ١٩٠٠-١٩٦٣،پێشەکی و پێداچوونەوەو ڕێکخستن عەبدوڵلا زەنگەنە،چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر.
٩. خەزنەدار:مارف.١٩٨٤،لە بارەی مێژووی ئەدەبی کوردی یەوە،چاپخانەی المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة،بەغدا.
١٠. خەزنەدار:مارف.٢٠١٠،مێژووی ئەدەبی کوردی-نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی سەدەی بیستەم ١٩١٤-١٩٤٥،ب٥،چاپخانەی ئاراس،هەولێر.
١١. دڵزار:ئەحمەد.١٩٩٨، پاشکۆی بیرەوەرییەکانم،وەزارەتی ڕۆشنبیری،هەولێر.
١٢. دەباغ: فەیسەڵ.١٩٩٧، حزبی هیواو شۆرشی ١٩٤٣-١٩٤٥ی بارزان،دەزگای ڕاگەیاندنی گوڵان،هەولێر.
١٣. دەباغ:فەیسەڵ.٢٠٠٠، یاداشتەکانی یونس ڕەئووف (دڵدار) بە پێنوسی خۆی،گۆڤاری هەولێر،ژ٧، هاوین،هەولێر.
١٤. سەعید:هیوا عزیز.٢٠٠٦،کۆمەڵەی خۆیبوون-پارتی هیوا-کۆمەڵەی ژێکاف، چاپخانەی یاد، سلێمانی.
١٥. شارەزا:کەریم.٢٠١٣،کۆیەو شاعیرانی،ب٢،چاپخانەی شەهاب،هەولێر.
١٦. شەمزینی:عەزیز.٢٠٠٦،جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان،وە:فەرید ئەسەسەرد،چ٤،سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.
١٧. عبدالرحمن.شێرزاد،١٩٨٦، دڵدار شیعرو هەڵویست،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،هەولێر.
١٨. فاتح:محمد.٢٠١٤، پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشور،چاپخانە زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.






١٩. فاتیح:محەمەد.٢٠١٢،حزب و ڕێکخراوە سیاسییەعێراقیەکان ١٩١٠-٢٠١٠،بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری پێگەیاندنی کادیران،سلێمانی.
٢٠. فەیزی: گۆران سۆران.٢٠٠٦، باری ئەدەبیی کوردی لە شاری هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥-١٩٥٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
٢١. قادر:حەمە حەمە ئەمین- کاکەی فەلاح.١٩٧٨، کاروانی شیعری نوێی کوردی،چاپخانەی کۆری زانیاری کورد،بەغدا.
٢٢. قەزاز:رەمزی.١٩٧١،کورد لە کۆتای فبقەی چەرخی نۆزدەهەمەوە تا ناوەراستی چەرخی بیست،چاپخانەی ژین، سلێمانی.
٢٣. کۆچێرا: کریس.٢٠٠٣، کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،وە:حەمە کەریم عارف،چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر.
٢٤. کەریم: عەبدولخالید سابیر.٢٠١٣، بیری نەتەوەیی لە پەیرەوو ئامانجەکانی جەمعیەت و حیزبە کوردیەکان،چاپخانەی کەمال،سلێمانی.
٢٥. لازاریف:م.س،٢٠١٣،کێشەی کورد ١٩٢٣-١٩٤٥- خەبات و سەرنەکەوتن،وە:احمد محمد اسماعیل،چاپخانەو بڵاوکراوەی ئاوێر،هەولێر.
٢٦. مەکداول:دیڤید.٢٠٠٥، مێژووی هاوچەرخی کورد، وە:ئەبوبەکر خۆشناو،چ٢،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر.
٢٧. مەمەند:تاریق حوسێن.٢٠١٣، بەراوردی ژیانی ئەدەبی هەردوو شاعیر (دڵدار) و (شابی)، سەنتەری ڕۆشنبیری میرزا مەنگوری،چاپخانەی یاد،سلیمانی.
٢٨. نوارو نعنعی:عبدالعزیزسلیمان و عبدالعزیز، .٢٠١٣، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا-لە شۆرشی فەرەنسییەوە تا جەنگی دووەمی جیهان،وە:خالد هەرکی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:-**

٢٩. رسول: اسماعیل شكر.٢٠٠٥، أربیل دراسة تأریخیة في دورها الفكري والسیاسي ١٩٣٩-١٩٥٨،ط٢، مطبعة بینایي، منشورات المركز الثقافي، السلیمانیة.
٣٠. شریف: عبد الستار طاهر.١٩٨٩، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الكردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨،شركة المعرفة للنشر والتوزیع-بغداد.
٣١. الطالباني:مكرم.١٩٩٦، حزب هیوا في قیادة الحركة القومیة الكردیة ١٩٣٧-١٩٤٥، بدون مكان نشر،بغداد.
٣٢. الطالباني:مكرم.٢٠١٠،مراحل تطور الحركة القومیةالكردیة، مراجعة وتصحیح: عثمان محمد هورامي، مج٢، منشورات مؤسسة حمدي للطباعة والنشر، السلمانیة.
٣٣. المزوري:هلبین محمد احمد،حزب هیوا- الأمل ١٩٣٩-١٩٤٦، مطبعة حاجی هاشم،اربیل.

**چوارەم: یاداشتە بڵاو کراوەکان بە زمانی کوردی:-**

٣٤. علاءالدین: عبدالخالق.١٩٨٥،دڵدار-شاعیری شۆرشگێری کورد،چاپخانەی دار آفاق عربیة للصحافة والنشر، بغداد.
٣٥. موکریانی: گیو.١٩٧١، دیوانی دڵدار،چ٢، چاپخانەی کوردستان،هەولێر.

**پێنجەم: یاداشتە بڵاوکراوەکان بە زمانی عەرەبی:-**

٣٦. شاويس: نورى.١٩٨٥، من مذكراتي المناضل الراحل نوري شاويس،من منشورات حزب الشعب الديمقراطى الكردستانى، د.م.

٣٧. حيدرى:صالح .٢٠٠٤،مختارات من مذكرات صالح حيدرى،ط٢، مطبعة رنج،سليمانى.

**شەشەم: نامە زانکۆییەکان:**

٣٨. ئۆمەر:ئەحمەد حەمەد ئەمین.٢٠٠٥، ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-سیاسیيە١٩١٨-١٩٢٩،نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر.

٣٩. سالح:ئازاد عوبێد.٢٠٠٨، ڕۆڵی سیاسیی وکارگێریی و ڕووناکبیریی مەعرووف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨، نامەی دکتورا،کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤٠. صالح: شیلان تاهیر.٢٠٠٨، کۆیە لە نێوان ساڵانی١٩٥٨-١٩٧٥-توێژینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی،نامەی ماستەر،کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

٤١. عەبدوڕڕەحمان: دلشاد مەحمود.٢٠٠٦، کەرکوک لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ١٩٢٢-١٩٥٨، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٤٢. مەحمود:هێرۆ عەبدولەتیف یونس.٢٠٠٨، دڵدارو نوێکردنەوەی شیعری کوردی،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**حەوتەم: گۆڤارەکان بەزمانی کوردی:-**

٤٣. ئیبراهیم: ئیسماعیل.١٩٩٨، دڵداری شاعیر دڵسۆزی گەل و کۆمەڵی کوردەواری،گۆڤاری ڕەنگین،ژ١١٨، ١٤ تشرینی دووەهەم،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.

٤٤. باوەر:أحمد.٢٠٠٠،پارتی هیوا لە دروستبوونییەوە لە شاری کەرکوک تا هەڵوەشانەوە لە کۆنفرانسی کەلاردا١٩٣٧-١٩٤٤،گۆڤاری کەرکووک،ژ١ ، ساڵی دووەم، کەرکووک.

٤٥. تالەبانی: موکەڕەم.١٩٩٤،چەند لاپەرەیەک لە تێکۆشانی پارتی هیوا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژ١٣٣٠،دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.

٤٦. حیلمی: رفیق.١٩٤٣، یوونس رئووف (دڵدار)، گۆڤاری گەلاوێژ،ژ٩ ساڵی چوارەم، مانگی ئەیلول، بەغدا.

٤٧. سامان:مەوجود.٢٠٠٤، دلزار لە دیمانەیەکی تایبەتیدا،گۆڤاری هەرێم،ژ٣٠٧،هەولێر.

٤٨. شریف: عبدالستار طاهر.١٩٩١،کۆمەڵەو ڕێکخراوو حیزبە کوردییەکان لە نیو سەدەدا ١٩٠٨-١٩٥٨،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ و بەیان،ژ١٢٧ وەرزی زستان.

٤٩. نەریمان:مستەفا.١٩٩٣،چاوپێکەوتن لەگەل ڕەشید باجەلان، گۆڤاری ڕەنگین، ژ٦٠، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی،بەغدا.

**هەشتەم: گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:-**

٥٠. الجادري: كافي سلمان مراد.٢٠١٧، الجمعيات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٢١-١٩٤٧،مجلة الأستاذ،العدد ٢٢١،مج٢، الجامعة المستنصرية،كلية التربية الاساسية،بغداد.

**نۆیەم:گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:-**

٥١. اسـعد غفوری و عبدالحمید:حاجی محی الدین- عبدالخالق،٢٠١٨، عەلی عەبدوڵڵا- تێکۆشـەرێکی گەورەی ئاشتەوایی و یەکڕیزی ١٩٢٢-٢٠١٧، گۆڤاری کەکۆن،ژ٥٣، ئایار،کۆیە.

**دەیەم: ڕۆژنامەکان:-**

٥٢. شـــارەزا:کەریم.١٩٧٦،یەکەم بیرەوەریم لەگەڵ دڵداری شـــاعیری تێکۆشـــەریدا، ڕۆژنامەی هاوکاری،ژ٣٠٥، هەولێر.

**یازدەهەم: چاوپێکەوتنەکان:-**

٥٣. حەمید: حیکمەت.٢٠١٧/١١/٢٠،بینینی چاو پێکەوتنی حیکمەت حەمید، کات ١١:٥ ی شـــەو، هەولێر.

٥٤. دڵزار: ئەحمەد.٢٠١٧/١٢/٢٧، چاوپێکەوتن لەگەل شـــاعیر ئەحمەد دڵزار،کات ١٢ی نیوەڕۆ، هەولێر.

٥٥. تاڵەبانی:موکەرەم:٢٠١٨/١/٨، چاوپێکەوتن لەگەل موکەڕەم تاڵەبانی،کات ١٠ ی بەیانی،سلێمانی.

**٥٦.** شارەزا: کەریم،٦/٢٣/ ٢٠٠٥، چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەمزی سەعید ئاغا، هەولێر.کات ٤ی ئێوارە.

## خلاصة البحث

يعد دلدار الشـــاعر الثورى الكوردي الكبير، الذي اهتم طول حياته بالعدالة والمســـاواة في الجوانب الإجتماعية كافة بين أبناء المجتمع الكوردي، إذ عاش مع مشـــاكل الناس وهمومهم، وكان من المهتمين بالحرية والمسـاواة الاجتماعية، وهو صـاحب النشـيد الوطني المشـهور (اى رقيب) عند الشـــعب الكوردي وحكومة اقليم كوردســـتان. وقد أثبت الشـــاعر وجوده في الثلاثينات من القرن العشرين في الميادين السياسية والثقافية كأحد رواد الحركة الشعرية الكوردية الحديثة، ثم بمساعدة مجموعة من أصدقائه في أثناء دراسته الأعدادية في مدينة كركوك، قام بتأسيس جمعية سياسية باســـم جمعية (داركر)، التي كانت تحمل أفكار جمعية الفحامين الإيطالية، وفي عام ١٩٣٧ اختير رئيســاً لهذه الجمعية، وفيما بعد اصـبحت هذه الجمعية ذات جماهير كبيرة تضـم توجهات معظم طبقات المجتمع الكوردي، ثم توســـعت فيما بعد إلى أن اصــــبحت كياناً في عام ١٩٣٩ عرف باسم(حزب الأمل).

لقد قدم دلدار بمســـاعدة مجموعة من المفكرين الكورد دعماً كبيراً للحركة التحررية الكوردية، وكانت لهذه الجمعية من قبل والحزب بعد ذلك اهدافاً وأفكاراً توحيدية تتمثل في اسـتقلال كوردسـتان، وهي كانت تناضـل في سـبيل اتحاد جميع أجزاء كوردسـتان المقسـمة، لكي يتمتع الشـعب الكوردي بحق تقرير المصـير مثل بقية الشـعوب الأخرى، تم توسـع حزب الأمل، وتم اختيار (رفيق حيلمى) رئيســـاً جديداً له ودلدار نائباً له، وذلك في عام ١٩٤٠، وبعد هذا العام انتقل دلدار إلى مدينة بغداد لأكمال درســـته هناك، ثم توســـعت القاعدة الجماهيرية لحزب الأمل، و انتشـرت في جميع مدن الكردسـتان، فأصـبح له فروع في جميع المدن الكوردسـتانية، ثم بعد ذلك حدثت خلافات الحادة بين العضـاء الحزب، وذلك بسـب الاختلافات في الأفكار والأراء السـياسـية،

وعلى اثر تلك الخلافات تلاشـــت حركة الأمل ولم يعد لها وجود في الســـاحة الســـياســـية، وتوفي الشاعر دلدار في مساء ١٩٤٨/١١/١٢في أربيل.

## Abstract

The great Kurdish poet Dildar is considered as one of the revolutionary person who cared a lot in his life for the social aspects, justice and equality among its own people. He lived within their problems and dreams he was interested in getting liberty and social equality. He is the writer of the famous patriotic poem of (Ay Raqib) for Kurds.

In 1930s of the last century that poet was proved to have existence in the political and cultural aspects as one of the leaders of new Kurdish poetic movement, after that by the help of a group of his friends at the preparatory school in Kirkuk he established a political group namely (the group of lumbermen) which held the same idea of the Italian Charcoal makers group. In 1937 he was elected as the head of that group, then after, that group had got great members from all the other social ranks, that group became greater eventually, became a political entity known as (The Hope party) in 1939.

Dildar by the help of other Kurdish thinkers has supported the Kurdish question of liberty movement. They had aims and unified thoughts representing Kurdistan independence and unifying the other parts of Kurdistan, they were asking for the necessity of independent right for the Kurdish people. After expanding the hope party and the election of ‘Rafiq Hilmy’ for the head of the party and Dildar was assigned as his assistance in 1940. Then Dildar went to Baghdad for finishing his study there, he spread the basic fan for the party in every city and town of Kurdistan. The party had got branches in all the cities and towns, but because of some differences in the thoughts and ideas, differences had happened among the members of the party, and caused the hope movement destruction and had no existence in the political field. After that on November 12, 1948 the poet Dildar passed away in the afternoon.